دیکتاتۆریەتی چینی پڕۆلیتاریا بۆ لەناوبردنی ڕژێمی کاری کرێ گرتە

# کۆمۆنیزم



**گۆڤاری کۆمۆنیزم**

ئۆرگانی سەنترالی گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیست

Central organ of the Internationalist Communist Group (ICG)

ژمارە پێنج

ئەپریلی 2011

نرخی : 6000 دیناری عێراقی ، 3 یۆرۆ ، 4$

# بابەتەکانی ئەم ژمارەیە

پێشــەکی

**لە تونسـدا پرۆلیتاریا شۆرشگێرەکان پەلامار ئەدەن و بۆرجوازیەکانیش لە پاشەکشەدان (2011\1\20)**

**Against the dictatorship of the economy: Long live the international revolt of the proletariat!** (March 2011)

**شەپۆلی خۆپیشاندانەکان عێراق و کوردستانیشی گرتۆتەوە** (19\2\2011)

**بانگەوازێك بۆ خۆپیشاندەران لە شاری سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان و عێراق** (28\2\2011)

**“Hunger riots” are struggles of the proletariat!** (April 2008)

**Anti-terrorism is state’s terrorism!** (December 2008)

**لە میسردا پرۆلیتاریای خەباتگەر خاوی کردۆتەوە و بۆرجوازیەکانیش خۆیان ڕێك ئەخەنەوە (2011\2\8)**

**Haiti: save capital’s property from the wreckage, and leave the proletarians to croak! (January 2010)**

**تێبینیەکان سەبارەت بە بزووتنەوەکانی ئەمرۆی پرۆلیتاریا لە وولآتانی باکوری ئەفەریقیا و رۆژهەلآتی ناوەراستدا**

(مارچی 2011)

**ئاوڕ دانەوەیەك لە تێڕوانینە ڕیفۆرمیستە شوراییەکانی بەناو سەر بە بزووتنەوەی شۆرشگێری کرێکاران** (ئەپیرەلی 2011)

# پێشەکی ئەم ژمارەیە

بە خۆشبەختیەوە وەهەروەکو بە سەر ووتاری نووسراوەکانەوە دیارە بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری کۆمۆنیزم لەسەر هەستانە بەردەوامەکانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریایە . ئەمە لەلایەك هاوکاری کردنی ئینتەرناسیونالیستیمانە لەگەل ئەوهەستانە چینایەتیانەماندا دژی هەلمەت و قۆستنەوە ناسیونالست و دینی و ریفۆرمیست و دیمۆکراسیەکانی سەرمایەی جیهانی و جەنگەکانیان بۆ ئەو ڕاپەرینانە ، وە لەلایەکی ترەوە بەشداری کردنی راستەوخۆمانە لە ئاراستە چینایەتیە کۆمۆنیستیەکەی ئەو ڕاپەرینانەدا ، دژی لاوازیەکانی خودی خۆی و بەرەو پەرەسەندنی بزووتنەوە ئینتەرناسیونالیستیە چینایەتیە کۆمۆنیستیەکەمان لەهەموو شوێنێك . هەروەکو هەولمان داوە لە نووسینەکانی ئەم ژمارەیەدا ڕونی بکەینەوە ، گرنگی ئەم هەستانانەی پرۆلیتاریا لەوەدایە کە چەندین وولآت و فۆرمی سیاسی و ئاستی ئابووری جیاجیای گرتۆتەوەو ملیۆنەها لە پرۆلیتاریاکان بەشدارن تیایدا . ئەم ڕاپەرینانە بۆجارێکی تر زاراوەکانی وەك چینی کرێکاران ، شۆرش ، سۆشیالیزم ، کۆمۆنیزمی کردۆتەوە زمانی باو ، وە هەزارەها دەستەی کرێکاری و شۆڕشگێڕی بەرهەم هێناوەو یەکێتی نێوانیشیانی دروستکردووە . ئەو بەئاشاکرا تیرۆری شۆڕشگێڕی کردۆتە کردەوەی زال و کردەوە تێکدەرەکانی پرۆلیتاریای کردۆتە چەکی زال و بەکۆمەلی ئەم چینە دژی سیستەمی کاری کرێگرتە . ئەو ڕاپەرینانەی پرۆلیتاریا سەرمایەداری جیهانی خستۆتە سەنگەری دوژمنایەتی راستەوخۆوە وهەتا بێت لە پەرەسەندنیشدایە . بەکورتی پرۆلیتاریا بەرەی لە ژێرخەیالە پلآوەکانی چینی بۆرجوازیدا هەلتەکاند و بۆ جارێکی تر خۆی هێنایەوە سەر گۆڕەپانی ململانێی چینایەتی نێوان خۆیی و سەرمایەی جیهانی .

ئەم بزووتنەوەیە بەکردەوە شۆڕشگێڕیەکانی هەم مێژووی تاریکی زالی 80سالی سەرمایەی جیهانی هەلتەکاند وهەم هەستانە پەرش و بلآوەکانی پرۆلیتاریای لەم هەشتا سالە تاریکەدا ڕۆشنکردەوەو یەکێتیەکی ئۆرگانیکی شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی لەگەل بزووتنەوەکانی رابردوودا دروستکردووە . ئەم یەکگرتنەوەیە ئێستا لە موناقەشەو رەخنەو خۆڕێکخستنەکانی هێزە شۆڕشگێڕیەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا خۆی دەرئەبڕێت . گومان لەوەدا نی یە کە ئەم تاریکیە زالە درێژەی دژە شۆڕش کۆمەلێك تێڕوانین و کردەوەی کردۆتە مولکی کرێکاران کە هی ئەوان نی یە و بەر بە سەربەخۆیی و ڕزگار بوونیان ئەگرێت . لەوانە بۆچوون و کردەوە نەقابیەکان ، تێڕوانینە دیمۆکراسیەکان ، کردەوە ڕیفۆرمیستەکان و کەلتورە سیاسیەکانیان . ئەم کاریگەریەی دژەشۆڕشە کە ئەمڕۆ ، وەکو دوێنێ ئێران 1977 و عێراقی 1991 و پێرێی ئیسپانیای 1936 و ئەلەمانیای 1918 و روسیای 1917 و کاتی کۆمۆنەی پاریس ، لەلایەك نایەلێت بزووتنەوەکەمان سەربەخۆبێت و کردەوەکانمان پەرەپسێنێت و ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەکانمان پێك بێت و ئینتەرناسیونالیستیەکەمان بەهێزبێت ، لەلاکەی ترەوە دەرگای کردۆتەوە بۆ خۆکۆکردنەوەی هێزە بۆرجوازیەکان و جەنگەکانیان بۆ سڕینەوەمان . دوژمنایەتی کردنی بزووتنەوەکەمان بۆکەس و لایەن و دەزگاکانی ئەم هێزەی دژەشۆڕش تاکە ڕێگای سەربەرزی و سەربەخۆیی بزووتنەوەکەمان و دوژمنایەتی کردنی ڕاستەقینەی سیستەمی چەوساندنەوەیە .

تێکشکاندنی نەقابەکان ، پارتەدیمۆکراسیەکان ، دەزگاکانی ڕاگەیاندن وهەلبژاردن ، هەموو ئەو ڕێکخراوو پارتانەی کە دژایەتی کردنی پرۆلیتاریا بۆ سیستەمی کاری کرێ گرتە ئەگۆڕێت بە بزووتنەوەی گۆڕانکاری سیاسی – ئابووری ، ڕێکخراوەیی و کۆمەلآیەتی لەناو خودی ئەو سیستەمەدا ( وەکو حیزبە کۆمۆنیستە کرێکاریەکانی تونس و عێراق و ئێران ، حیزبە کۆمۆنیستیەکانی میسر و لوبنان و سوریاو وولآتەکانی تر ، ڕێکخراوە ماووی و تروتسکیەکان ، نەقابەچی و شورا دیمۆکراسیچیەکان ) تێکشکاندنی ئەمانە ، کە بوونەتە جلەوی چەوساندنەوە لەژیانماندا ، هەروەکو تێکشکاندنی دەسەلآتی بۆرجوازیە ناسراوەکان و ئەندامی پارتەزالەکان و سەرکردە سەربازیەکان وایە و بەشێکی گرنگە لە سەربەخۆیی چینایەتی و ئینتەرناسیونالیستی بزووتنەوەکەمان بەرەو شۆڕشی کۆمۆنیزمی جیهانی .

## *لەتونسدا پرولیتاریا شۆرشگێرەکان پەلامارئەدەن و بۆرجوازیەکانیش لەپاشەکشەدان*

پرۆلیتاریاکان لە تونسدا راپەرین و راپەرینەکەشیان روداوێکی شازوو دابراو نیەو بوگۆرینی حوکومەت و سیاسەتی پارتە بۆرجوازیەکان نیەلە تونسدا . ئەم راپەرینەی پرۆلیاتاریا چاپتەرێکی ترە لە خەباتی مێژوویی پرۆلیتاریا وەك چینێکی ئینتەرناسیونالیستی دژی چینی بۆرجوازی بە هەموو دەولەت و رێکخراوە نەتەوەیی و نێودەولەتەکانیەوە .

ئەم خەباتە شۆرشگێرییەی چینی پرۆلیتاریا ، ئەم تارمایەی شورشی کۆمۆنیزم,بەبەردەوامی هەبووەو بەردەوامیش ئەبێت لە دژی سیستەمی کاری کری گرتە ,خاوەندارێتی تایبەت و دەولەت ، هەتا سەرکەوتنی شۆرشە کۆمۆنیستیەکەی. هەر

ئائێستا وەکو بەئاشکرا ئەیبینین پرۆلیتاریا شۆرشگێرەکان لە چەندین وولآتی وەکو یۆنان ، فەرەنسا ، جەزائیر ، عێراق ، بەبەربلآوی پەلاماری دام ودەزگاکانی سەرمایە و دەولەت ئەدەن و هێزی بەکۆمەکی چینایەتی خۆیان نیشان ئەدەن. ئەم بزووتنەوانەی چینی پرۆلیتاریا دژی سیستەمی کاری کرێگرتەو دیکتاتۆریە تەکەیەتی و پەلاماری هێزە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانی ئەم سیستەمە ئەدەن و بۆ لەناوبردنی ئەویشن . ئەم بوونە شۆرشگێرییەی چینی پرۆلیتاریا هەرگیز شاراوە نەبووە لە بۆرجوازیەکان ، بۆیە کاتێك کە پرۆلیتاریاکان لە وولآتێکدا پەلامارئەدەن بۆررجوازیەکانی هەموو وولآتەکان ، بە بچووك و گەورەیانەوە ، ئەکەونە پلان رێکخستن بۆ تێکشکاندنی . یان کاتێك کە بۆرجوازیەکان لە وولآتێکدا لە پەلەقاژەدان بۆ بەرگرتن بەو بزووتنەوەیە و پلانەکانیان بێ کەلك بووە ، دیسانەوە هەموویان ئەکەونە پەلەقاژەو پلان دانان بۆ راستکردنەوەی سیستەمەکە . دیارە بەپێی ناوچەکان وهەلومەرجی سەربازی و سیاسی جیاوازی دەولەتەکان ، هەروەها بەپێی دووری و نزیکی بەرژەوەندە تایبەتیە جیاوازیەکانی دەولەتەکانەوە لە پەلامارەکانی پرۆلیتاریاوە ، هەندێ لە دەولەتەکان زیاتر لە سەرکردایەتی کردنی پەلاماردانەکانەوە نزیکن تاکو هەندێکی تریان ، بەلآم سەرتاپا هاوبەشن لە پارێزپاری کردنی سیستەمەکەیان لە هەرەشە چینایەتیەکانی پرولیتاریا .

ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان پەلاماردانەکانی پرۆلیتاریاکان کە تازە رویداوەلەو وولآتانەی کە ناومان هێنان لەگەل ئەوەی تونسدا ئەتوانین لەیەك چوون و جیاوازیش ببینین . لەیەکچوونی سەرەکی لەوەدایە کە لە هەموو ئەو وولآتانەدا پرۆلیتاریا شۆرشگێرەکان بە کۆمەلی زۆر لە قەفەزەکانیان و لە پشتی شانۆگەریەکانەوە هاتوونەتە دەرەوەو خۆیان چەکدارو رێکخراو دەکەن و خۆیان ئەسەپێنن بەسەر هێزەکانی دەولەتدا . ئەوان بەبەربلاوی دەستدرێژی ئەکەنە سەر خاوەنداریەتی بۆرجوازیەکان و بازارەکان تالآن ئەکەن و خزمەتی خۆیانی پێ ئەکەن. ئەمە گرنگترین مۆرکی چینایەتی ئەم بزووتنەوانەیە دژی سەرمایەو دەولەت. ئەم مۆرکە لەلایەك ئەم بزووتنەوانە جیا ئەکاتەوە لەهەموو بزووتنەوە ریفۆرمیست و نیشتمان پەروەرو کارخوازیەکانەوە ، و هەرەشەی سەرەکی لەسیستەمی جیهانی سەرمایەداری ئەکات ، وەلە لایەکی ترەوە داوای پەرەوکردن و پەرەپێدانی ئەم مۆرکە ئەکات لەلایەن پرۆلیتاریای هەموو وولآتەکانەوەو دژی هەموو دەولەتەکان. ئەو داوای خۆرێکخستنی ئەم پرۆلیتار راپەریوە نێونەتەوەییە ئەکات لە هێزێك و پارتێکی جیهانیدا ، بۆ سەرخستنی سەرتاپایی شۆرش. ئەم وویستە شۆرشگێرییە ئینتەرناسیونالیستیە ی ئەم بزووتنەوەیە یەکلای بەرژەوندیەکانی پرۆلیتایا ئەکاتەوە لەسەر ئاستی جیهانی لەگەل هەموو ئەوانەی کە داوای بەرێوەبردنەوەی کار ، حوکمی خۆبەخۆیی کرێکاران ، بەرهەمهێنانی خۆبەخۆی کرێکاران و گشتی بوونەوەی کرێکاری ئەکەن. ئەم داواکاریانە جگەلەوەی دەستبرینی راستەوخۆی کرێکارانە ، دوژمنایەتی کردنی گشتی بوونەوەی

ڕاپەڕینی پرۆلیتاریایە لەسەر ئاستی جیهانی . بێ دوو دلی مەبەستی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکان و بەدەستەوەدانی ڕاپەڕیوەکانە بە دەسەلآتی جیهانی سەرمایە .



جیاوازی سەرەکی نێوان ئەم بزووتنەوانە لە ڕادەو ووردەکاریەکانی کردەوە شۆڕشگێڕیەکاندایە دژی ملکیەت و ئیش و دەولەت . لە تونسدا پرۆلیتاریا بەنەبەردانە و بە چەکداربوون بە ژمارە زۆرەکەی و بە ئاگروو کوتەک و چەقۆ و سووکە چەک ، بازارەکان تالآن ئەکات و دام و دەزگاکان ئاگر ئەدات و پیاوە ناسراوەکانی دەولەت تیرۆر ئەکات و قەسرەکانیان داگیر ئەکات . بەلآم لە بەردەم سوپای دەولەتدا ، کە دابەزیوەتە سەر جادەکان و پاریزگاری دام و دەزگا سەرەکیەکان و خاوەندارەکان ئەکات و هێزەکانی دژەشۆڕش لە وولآتەدا یەک ئەخات و هاوکاری پلاندانانی نێودەولەتی ئەکات بۆ نێکشکاندنی ڕاپەڕین ، پەنگی خواردۆتەوە و دودلی ئەکات . هەتا پرۆلیتاریا ڕاپەڕیوەکان لە تونسدا زیاتر بەردەوامبن لەم هەلوێستە ئاشتیخوازیە زیاتر خۆیان لەگۆڕ ئەنێن . هەلتەکاندنی سوپا بەهێزی پرۆلیتاریا ڕاپەریوەکان و ڕاپەڕینی سەربازە پرۆلیتاریەکان دژی دەرەجەدارەکان و هاوکارە ناوخۆ و نێودەولەتەکانیان و لکانیان بە براو خوشکە شۆڕشگێڕیەکانیانەوە دەرگا کردنەوەیە بۆ :

پرچەککردنی بزووتنەوەکە ، نەک تەنیا لە تونسدا ، بەلکو لە وولآتەکانی دەوروپشتیشدا ، بە چەک وتەقەمەنی پێویست بۆ بەردەوام بوون .

ڕامالینی پاریزیاری کردنی سوپا لە بۆرجوازیەکان و رووتکردنەوەی بۆرجوازیەکان لە چەک و ملک و لە زەمینەی خۆرێکخستن ، وەخستنی دەولەت و یەکێتی بۆرجوازیەکان لە تونسدا .

لەناوبردنی ئەو هێزەی کە بۆرجوازیەتی جیهانی پشتی پێبەستووە بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی ئیش و دەولەتەکەی لە تونسدا .

لەناوبردنی ئەو هێزە چەکداریە ڕێکخراوەی کە هەلئەسێت بە جێبەجێکردنی ویست و پلانی نێودەولەتی دژی شۆڕش .

نیشاندانی ڕادەی سووربوونی پرۆلیتاریا لە تونسدا لەسەر قولکردنەوەو هەمەلایەنەکردنەوەی خەباتەکەی . ئەمە هەم هاندانێکی شۆڕشگێڕی بەرز و بانگەوازێکی گرنگە بۆ پرۆلیتاریا لە وولآتەکانی تردا کە هەمان شت بکەن ، بەرەو دیکتاتۆریەتی یەچنایەتەکەی وشۆڕشە کۆمۆنیستیە جیهانیەکەی ، وە هەم نیشاندانی ئەوەیە کە بۆرجوازیەتی جیهانی بنکەی

لەو وولآتە دا نەماوەو ئەگەر بیەوێ پەلاماری پرۆلیتاریا بدات ئەبێت هێزەکانی خۆی لەدەرەوە ئاراستە بکات و ئەمەش پرۆلیتاریای نێونەتەوەیی زیاتر ئەهێنێتە ناو بەربەرەکانیەکەوە و مەترسی گەورەی شەپۆلی شۆرشی نێونەتەوەیاتی بەدواوەیە .

## Media and our class struggle in Tunis

**“Looters emptied shops and torched the main train station in the capital”.**

**“Black smoke billowed over a giant supermarket in Ariana, north of the capital, as it was torched and emptied”.**

**“Bands of 100 looters were looting”.**

**“Deadly prison riots are in many prisons. Breakouts were reported in three prisons and a fire on Saturday 15/01 at Monastir prison killed 42 prisoners. Soldiers opened fire in Mahdia killing five inmates while they set fire to their mattresses in protests and 1000 inmates escape at one facility”.**

**“ Imed Trabelsi, a nephew of Ben Ali’s wife and an influential businessman attacked by knife and died later in a military hospital in the capital”.**

**“ In Tunis, a branch of the Zeitouna bank found by Ben Ali’s son-in-low was torched, as were vehicles made by Kia, Fiat and Porche Carmakers”.**

**“Army’s presence was required because the police force had broken down”.**

**“The army is all over the place in the Capital, Tunis, and the soldiers fired warning shots in vain to try to stop the looters”.**

**“Soldiers and plain clothes security personal dragged dozens of suspected looters out of their cars at gunpoint and look them away in Lorries”.**

**“ Squads of man in civilian clothes were driving through Tunis at high speed, shooting randomly at buildings and people”.**

**“Tunisians have organized themselves to protect their neighbourhoods. They are forming neighbourhood committees to deter rioters and help the military”.**

**“ In El Menzah neighbourhood, dozens of men and boys armed with baseball bats and clubs were set up barricades and organised overnight patrols to deter rioters"**

هەر ئا ئێستا دوو هێز لە سەرتاپای تونسدا هەن و بەربەرەکانێی یەك ئەکەن . هێزی شۆرشگێری پرۆلیتاریا لەلایەك و هێزی بۆرجوازیەیەکگرتووەکان لە پشتی سوپاوە لەلاکەی ترەوە. بەبێ تێکشکاندنی سوپا و لە بەریەك هەلوەشاندنی ریکخراوە کۆن و تازە نارەزاکان ، هێزەکەی پرۆلیتاری روو لە پوکانەوە و کەوتن ئەکات و یەکێتی ئابووری و سیاسی و سەربازی و ئەخلاقی

بۆرجوازیەکان بە ناوێکی ترەوە ئەبێتەوە بەدەولەت وحوکمرانی ئیش و کۆیلەکان ئەکاتەوە .



ئەگەر مەبەستمانە بزووتنەوەکەمان تەشەنە بسێنێ ئەبێت بزووتنەوەکەمان پەلاماری خۆرێکخستنەوەی دەولەت بدات لەرێی پارتە نارەزاکانەوە ، لەرێی نەقابەوە ، لەرێی ئایدیولۆجیە کرێکاری و دیمۆکراسیەکانەوە . لەم ساتەدا بزووتنەوەکەمان لە تونسدا دوودلە لەم پەلامارە یەکلاکەرەوەیە . پەرەسەندی بزووتنەوەکەمان زۆر موحتاجی ئەم هەنگاوەی هاورێکانمانە لە تونسدا و چاوەروانی ئەوەش ئەکات بەزووترین کات روودات ، چونکە بزووتنەوەکەمان هیچ چارێکی شۆرشگێری تری لەبەردەمدا نییە . ئەبێت ئەوە لەیاد نەکەین کە بوونی دوو دەسەلآت تەنیا لەخزمەتی بیناکردنەوەی بۆرجوازیەتدایە و زۆر ناخایانێت کە دەسەلآتی شۆرشگێری پرۆلیتاریاکان ئەکەوێتە بەر نەعلەت و ئابلوقە و پوکانەوە و پەلاماردان . لەبەر ئەوە یەکلاکردنەوەی بەربەرکانێکە بە بەرژەوەندی تاکە دەسەلآتی دیکتاتۆری شۆرشگێری پرۆلیتاریا پەلامارێکی راستەقینەیە بۆ سەر دیکتاتۆریەتی سەرمایە و بانگەواز کردنێکی بەکردەوەی شۆرشی کۆمۆنیستی جیهانییە .

لە یۆناندا پرۆلیتاریا شۆرشگێرەکان ئابووری یۆنانیان شەلەل کردووەو دەستەی شۆرشگێری لە ناو سەربازەکانیشدا پێکهات . لە ترسی ئەمە پاپۆرە سەربازیەکانی ئیتالیا و فەرەنسا و ئەمەریکا لە ئاوەکانی یۆنانەوەو لەنزیکەوە چاودێری ئەم بارودۆخەیان ئەکرد . بەلآم ئایدیۆلۆجی کرێکارچێتی و نەقابەگەری و سۆسیالیستی و ئەنارکیستی زنجیرین لە ملی پرۆلیتاریەکاندا و رێگە لە پەرەسەندنی کردەوە شۆرشگێریەکان ئەگرێت و پرۆلیتاریەکان لەیەك جیائەکاتەوەو نایەلێت پرۆلیتاریا راپەریوەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی یەکبگرن و خۆیان تیژ کەنەوە ، و ناشیەلێت پرۆلیتاریا دوودلەکان بلکێن بە بزووتنەوەکەوەو "کۆنەخەباتگێرەکان" لە " تازەکان" جیائەکاتەوە .

لە فەرەنسادا پرۆلیتاریا بە گشتی زنجیری کرێکاری و ئیشی لە ملی خۆی دانەمالی . پرۆلیتاریا شۆرشگێرەکان ، کە بۆماوەی چەند هەفتەیەك تیرۆریان خستەژیانی بۆرجوازیەکانەوەو ئاگریان بەر ئەدایە مولکەکانیان لە ژمارەیەك شارو شاروچکەی فەرەنسادا ، بوون بە کەمایەتی و کران بە بێ ئیشەکان و پەناهندەکان و بێگانەکان و ئابلوقەدران . ناشیونالیزم و نیقابەچێتی هێشتا بەهێزە لە فەرەنسادا دژی پرۆلیتاریا .

لە جەزائیردا زیاتر لە بیست سالە پرۆلیتاریای شۆرشگێر لە ژێر تیرۆری سوپا و ئیسلامیەکاندایەو پەلاماردانانی خوێناوی پچر پچری هەرهەبووە دژی ئەم تیرورە و دژی هەل و مەرجەکانی ژیان . ئەم پەلاماردانانەی ئێستای هەمهاوتایە لەگەل پەلامارەکانی

پرۆلیتاریا لە وولآتەکانی تردا و ئارەزووی چینە جیهانیەکەمان بۆ رزگاربوونی یەکجاری نیشان ئەدات وە هەم خۆراپسکانێکی شۆرشگێرانەی بە کۆمەلە دژی ئەو تیرۆرەو بۆیەکخستنی هێزەکەی .

هەوالەخۆشەکان لەوەدایە کە هەموو ئەم بزووتنەوانەی حالی حازر گوریان تیایەو بەردەوامییەکیان تیادایە . نەلەرووی کاتەوەو نە لەرووی جوگرافیشەوە لەیەکدابراو نین و لەیەکدراون . ئەمە سەردەمێکە زۆر لە سەردەمی راپەرینەکانی 1917 – 1921 روسیاو ئەلەمانیاو . . . هتد ئەچێت ، وجیاوازە لە سەردەمی راپەرینی 1977 – 1978ی پرۆلیتاریا لەئێرانداو 1991ی پرۆلیتاریا لە عێراق دا . ئەو دوو ڕاپەڕینە ، لەگەل هەموو بەهێزیەکەشیاندا و لەگەل ئەوەشدا کە نموونەبی بوون ، زۆر دابراوبوون .

بەرپابوونی راپەرینی پرۆلیتاریا لە تونسدا ، لە کاتێکدا کە بۆرجوازیەکان سەرگەرمی لێدان و دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی پرۆایتاریان لە وولآتانی یۆنان وفەرەنسا و عێراق وجەزائیر دا و ترسی راپەرینی تری پرۆلیتاریان هەیە لە وولآتانی تردا ، ئەوەمان بەبیردێنێتەوە کە لەوانەیە شەپۆلێکی ئینتە رناسیونالیستی شۆرشگێری تر بەرێوەبێت و زیاتر لەم راپەرینانەی پرۆلیتاریا ببینین لەسەر ئاستی جیهانی .

وەلآمی بۆرجوازیەکان بۆ پرۆلیتاریا هەمیشەو لە هەموو وولآتێکدا هەر ئەوە بووە و ئەوەش ئەبێت کە :

بە تیرۆری هەمەلایەنە لەلایەك و بە بەلێنە سۆشیال دیموکراتیەکان لەلایەکی ترەوە ، و ئەگەر ئەمانەش لەکارکەوتن ئەوا جەنگی نێودەولەتی رائەگەیەنرێ . راپەرینی پرۆلیتاریا لە ئێراندا ( 1978 ) و لە عێراق دا ( 1991 ) و لە مرۆی تونسدا ئەوەی سەلماند کە تیرۆری دەولەتی سەرمایە ئەتوانرێت تێکبشکێنرێت و جاری واشە بەماوەیەکی زۆر کورت . بەرهەلیستیە جۆراوجۆرەکانی پرۆلیتاریاش لە ناوچەکەو دەرەوەیدا ، دژی جەنگی بۆرجوازی لە عێراق و ئەفغانستاندا ، پیمان ئەلێت کە سەرمایەدارەکان و دەولەتەکانیان بەم بارەی ئێستایانەوە توانای ئامادەکردن و پەرەپێدانی هێزەکانیان نیە بۆ جەنگێکی بەرفراوانی نێودەولەتی . کەواتە چەکی کاریگەری سەرمایە ، وەکو لە 1977ی ئێران و 1991 ی عێراق و ئەمرۆی تونسدا ئەیبینین ، هاندانی بەربلآوی سیاسەت و ئایدیۆلۆجیەتی سۆسیال دیموکراتە ، لەرێی رێکخراوەکانی کارو ماف و دادپەروەریی و نەتەوەییەوە لەلایەك ، وە برسیکردنی بەکۆمەلی پرۆلیتاریایە ، بۆ گەرانەوەی بۆسەر ئیش و پەیرەوکردنی دەوەلەت لە لایەکی ترەوە . پلانی سەرمایە کوشتنی بزووتنەوەی شۆرشگێری پرۆلیتاریایە لەرێی رێکخستنەوەی دیموکراسیانەی ئیش و بازارو یاسا و حکومەتەوە .

کاتێك کە سوپا پیاوەکانی حیزبی حاکمی کۆن لە تونسدا ئەخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە ، وە بانکەکانی نێودەولەتی پارەکانیان رائەگرێت لە هاتووچۆو ، وە سەرکردەی وولآتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ، رێکخراوە ئیسلامی وچەپەکانی عەرەبی و ئەوانی تر بەشان و بالی گەلی راپەریووی تونسدا هەلئەدەن ، وە دەیان حیزبی سیاسی و بەرەی نیشتمانی و دیموکراسی لە تونسدا پێك دێت بۆ هەلبژاردن و پێکهێنانی حکومەت ، ئەمانە هەمووی بەکارهێنانی چەکی دیموکراسیەتە دژی بەرژەوەندیە شۆرشگێریەکانی بزووتنەوەکەمان کە بەهۆی دوودلەیەکەیەوە لەرامالین بواری داونەتێ .

شان بەشانی راپەرینی پرۆلیتاریا لە جەزائیر و تونسدا ، شەپۆلی پەلامارەکانی پرۆلیتاریا لە میسرو ئۆردن و لوبنان دا پیمان ئەلێت کە تەشەنەکردنی تیرۆری بزووتنەوەی پرۆلیتاریا شەپۆل ئەدات و پرۆلیتاریای شۆرشگێر لە ناوچەی عەرەبیدا خۆراپسکانێکی راستەقینەی بەدەسەوەیە بۆ خۆرزگارکردن لە مۆتەکەی پەنجا سالەی جەنگی دینی و ناسیونالیستی و زایۆنیستی . ئەم هەنگاوە چینایەتیەی پرۆلیتاریای ناوچەکە بەراستەوخۆیی هێرشە بۆسەر پرۆپاگەندە نێودەولەتیەکانی سەرمایە و بۆسەر

"جەنگی دژی تیرۆریزم" ی نێودەولەتی. یارمەتی پرۆلیتاریا شۆرشگێرەکان لە جیهاندا ئەدات کە بەئاشکرا ئەو جەنگەی سەرمایە بەدرۆبخەنەوەو پشتیوانی لە هاورێکانیان لە وولآتە عەرەبیەکاندا بکەن. هەروەها بانگەوازی پرۆلیتاریا پەناهندەکانی ئەو ناوچەیە لە جیهاندا ئەکات کە خۆیان لە پروپاگەندە دژە ئیمپیریالیستەکانی رێکخراوە ئیسلامیەکان دابرن و بلکێن بە بزووتنەوە شۆرشگێریەکەیانەوە. ئەمە هەمووی تەشەنەسەندنی ئینتەرناسیونالیستی بزووتنەوەکەمانە دژی دەولەتەکان و دژی دابرانی راپەرینەکان لەیەکتری و دژی هەولەکانی نێودەوەلەتی بۆ هەچ پەلاماردانێك لە داهاتوودا.



ئێمە هەروەکو هاورێ شۆرشگێرەکانمان لە تونسدا دژی ئەو بەیتو بالۆرە سۆشیال دیمۆکراسیانەین کە بەچەپ و راست بەکار دێت بۆ پێناسەکردنی بزووتنەوەکەمان لە تونس وناوچەکەدا وەك راپەرینی گەلی و بێکاری و فەقیری و بۆ هێنانی دیمۆکراسیەت و پەرەسەندنی ئابووری. هەروەها دژی کرێکارچێتی و رێخستنەوەی ئیشی ن بەچاودێری کرێکاران خۆیان و کار بۆهەموان و بەشداری کردنی کرێکاران لە بەرێوەبردنی ئابووری و سیاسی تونسدا. جا ئەمە بەناوی شورا، لیجنە کرێکاریە خۆبەخۆکان ، کۆمۆنیزمی کرێکاری یان هەچ ناوێکی ترەوە بێت. چونکە ئەمە رێکخستنەوەی جموجوولی ئیش و بازار و ئالوگۆر و پارەو دەسەلآتی سەرمایەیە بە دەستی کرێکاران و بەناوی شۆرشەوە. هەروەکو لە ماوەی سەد سالی رابردوودا بیناکردنەوەی دەیان وولآتی وەکو روسیا و چین و کوباو . . . دا پشتی پێبەستووە. مەبەستی دابرینی بزووتنەوەکەیە لە کردەوەشۆرشگێریەکانی و لە پرۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیستی و بزووتنەوە جیهانیەکەی.

بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بۆ لەناوبردنی ئیشە نەك بۆ بەرێوەبردنی. تاکە ئیشێکی گرنگ کە لەسەر پرۆلیتاریا لە تونسدا پێویستە هەر ئێستا بیکات ئەوە هاتنەدەرەوەیەتی لەژێر پەیوەندیەکان و رێکخراوەکانی ئیش و خۆچەکدارکردن و رێکخستنێتی بۆ گشتی کردنەوەی بزووتنەوەکەی دژی ئیش و دەولەت و رێکخراوە نارەزاکان. ئەمە تاکە ئیشی راستەقینەی پرۆلیتاریایە بۆ دیکتاتۆریەتە جیهانیەکەی. پرۆلیتاریا شۆرشگێرەکان و مندالەکانیان ئەبێت لەسەر پەلاماردان و تەشەنەپێدانی بزووتنەوەکەیان بژین نەك لەسەر ئیش. ئەبێت ئیش و پەیوەندیەکانی تێك بشکێنن نەك بەرێوەی بەرن. ئەبێت سنوورەکانی وولآت رامالن نەك ئالآی کرێکاری لە بەرکەن.

لە تونسدا کرێکاریزم لە دەوری خستنەوەئیشی کارگەکان ، وە ڕێکخراوە گەلی و چەپەکان لە دەوری خستنەوەئیشی حکومەت بەیەکەوە بانگێشەی پرۆلیتاریا ئەکەن کە خۆی بدات بە دەستەوەو چەکە شۆرشگێریەکەی دانێ و بێت بەشداری بەڕێوەبردنەوەی وولآت بکات .



ئێمەی خەباتگێرانی نێونەتەوەیی پێشوازی و پشتیوانی بزووتنەوەچینایەتیەکەمان لە تونس و جەزائیر و عێراق و یۆنان و فەرەنساو وولآتەکانی تردا ئەکەین بەرەو شۆرشی نێونەتەوەیی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیزم . ئەمەش بە پتەوکردنی ئاراستەی شۆرشگێری بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لەو وولآتانەدا ، بە دژایەتی کردنی ئایدیۆلۆجیە سۆشیال دیموکراسیە کرێکاری و نەقابی و گەلیەکان ، بە گرتنەبەری هەموو ئەورێگایانەی کە سیمای نێونەتەوایەتی ئەو بزووتنەوانە بەهێز ئەکات ، بە بانگەوازکردنی پرۆلیتاریا لەهەموو شوێنێك بۆ ڕاپەرین و خۆ چەکدارکردن ، دژی دەولەتەکانیان و بۆرجوازیەکانیان . ئێمە تەشەنەکردنێکی بەربلآوی خەباتە چینایەتیە نێونەتەوەییەکەمان ئەبینین و بەئاواتیەوەین .

**بژی ڕاپەرینەکانی پرۆلیتاریا لە هەموو وولآتەکاندا ،**

**بڕوخێ سیستەمی کار و دەولەت ،**

**بژی شۆرشی جیهانی کۆمۆنیزم**

2011/01/20

# Against the dictatorship of the economy

## Long live the international revolt of the proletariat!



What's the difference between these revolts in the "Arab world" and the previous revolts in Latin America, in Greece or in French suburbs? Which difference can there be between the struggles of proletarians in Algeria, Tunisia, Egypt, Libya, Bahrain, Syria, Yemen… and in Bolivia, in China? They don't have any different reasons, they don't have any different enemy, and they don't have any different perspectives. If they don't break out yet at the same time, it's on the one hand because of the ability of world capital to attack the proletariat little by little, to space out austerity plans according to the instructions of counterinsurgency apparatuses, and on the other hand because of the proletariat's inability to coordinate its own struggles.

The great means of disinformation that the Medias are did their utmost to hide the real strength of the proletarian revolt. For the bourgeoisie the perspective that its domination be destabilized doesn't belong in the realms of fiction: it's

necessary at all costs to avoid that this struggle becomes an example for other proletarians in the world. Everything there must be explained as being different from us, except the democratic mystification that would be the paradise for all! The social struggle which takes place in an each time more broadened part of the planet is not a struggle for more democracy, nor to impose such or such religious sect, and this is not only a struggle against such or such dictator. It's about a deep social revolt against world capitalism which dooms an each time bigger part of human beings to suffer the catastrophe of this social system.

The rises in price of cereal, vegetables, meat, etc. spread once again at the end of 2010 and early this year. Revolts in Tunisia, Algeria, Egypt, Palestine, Iraq, Libya, and Syria… are first and foremost revolts of a same social class and for the same reasons.

The survival is each day more difficult, the struggle against the capitalist oppression is every day more necessary.

It's this identity of necessities and perspectives that they try to hide always more behind ideologies of "democratic evolutions" and/or religious ones.

It's true that the revolt makes frontal attack on the formal political domination of such or such country, of such or such dictator who is suddenly presented as a monstrous one by the leaders of the gendarmerie-States. There's nothing quite so logical that the proletarian uprising breaks out first against the oppressors of their own State. Nothing quite so normal, when State terrorism can't cope in a region of the world, that the bourgeoisie as a world class drops those it always supported.

And there's nothing quite so normal that the opposition bourgeois factions, which wish to put an end to the revolution the most quickly possible, starts bandying words like "democratic revolution about or pretends that the purpose of this revolution is only about the tyrant's elimination.

Beyond the elimination of such or such hated head of State, what makes from the different revolts only one world struggle is this fundamental struggle for survival, the struggle for life against the deadly world of capitalism, against the dictatorship of market and profit. What matters is not each single flag or motto but to see that the negation of such or such individual contains at the same time the negation of the capitalist world and therefore the possibility that the proletariat in other regions recognize itself in these struggles.

We greet the attack of proletarians against bastions and symbols of each of the regional dictatorships, against each of the tyrants, and torturers. But in these attacks we reaffirm the universality of this struggle that emerges from the general contradiction between capitalism and humanity, between capital and earth, between the survival of this social system and the necessity for the human race to destroy this world social system forever.



ئەمەنموونەیەکە لەکردەوە تێکدەرەکانی پرۆلیتاریا لە لەندەن دا لەهاووینی 2011 دا

If it’s obviously about struggling against the dictatorship, it’s not against such or such particular political dictatorship but much more widely against the social and general dictatorship of capitalism.

Long live the struggle against all dictators!

Long live the struggle against the social and world dictatorship!

The ideological forging of “democratic revolutions” is obviously not only an ideological issue. The flags constantly shown and promoted by the information campaigns are at the same time the limits of the very movement of the proletariat. Moreover all the security agencies, the militaries, and the spy and sabotage structures practically act to transform these deep social revolts into simple political struggles between bourgeois factions, between imperialist powers.

Against the world proletariat, and particularly when this one reaffirms its international revolutionary perspective to destroy world capitalism, when the way of reforms is not enough anymore to neutralize the social force of the proletarian class, the one and only perspective for the international bourgeoisie is the destruction of this force while channeling it into inter-bourgeois and inter-imperialist polarizations.

The military actions led in Libya under the direction of Gendarmerie-States obey to this reality. They don’t want only to appropriate the Libyan oil or to insist upon their particular interests as bourgeois fractions.

Their actions continue to have the same purpose than Gaddafi's one: i.e. to get rid of the proletarian revolt! To draw up the fighters in one or the other imperialist camp!

**Against imperialist war: social war!**

**The struggle of proletarians in the Maghreb and Middle East is our struggle!**

**The enemy is capitalism and the dictatorship of the world market.**

**The purpose is everywhere the same: social revolution!**

**Destruction of capitalism and the State!**

**Internationalist Communist Group – March 2011**

**http://gci-icg.org and our email info@gci-icg.org**



ئەمە میسرە و دژی دیکتاتۆریەتی ئابووری و دەولەمەندەکانە کە پرۆلیناریاکان تا بۆیان بکرێت بەسەربەرزیەوە لە هەموو شوێنێك فەرهوود و ئەکەن ویاساو دەستووەرەکانی دەولەت بە ئەخلاق و دین و شەرەفەکانیشیانەوە ژێرپێ ئەحەن .

# شەپۆلی خۆپیشاندانەکانی عێراق وکوردستانیشی گرتۆتەوە

هاوکات لەگەل راپەرینەکانی شۆرشگێران لە میسر و تونس و یەمەن و بەحرێن و ئوردن و لوبنان و ئێران و بەشی هەرە زۆری ناوچەکە ، شەپۆلی خۆپیشاندانەکان کوردستان و شارەکانی تری عێراقی گرتەوە . ئەمەش راستەوخۆ خۆراپسکاندنێکی شۆرشگێرانەی بەکۆمەلە دژی چەوساندنەوەو ئارەزوی چینە جیهانیەکەمانە بۆ رزگاربوونی یەکجاری .

ئەمە شەپۆلێکی جیهانی ئینتەرناسیونالیستی یە و سەرئەنجامی کەلەکەبوون و قول بوونەوەی قەیرانە کۆمەلآیەتیەکانەو تەقینەوەی ناکۆکیەکانی ناو خودی کۆمەلگایە ، کە دەسەلآتی سەرمایە دەستەوەستانە بۆ وەلآمدانەوە بە پێویستیەکانی چینەکەمان . شکستهێنانی دەولەتە بۆ دەم کوتکردن و خەلەتاندنمان . گەمارۆدانی بنکە حیزبیەکانی دەسەلآت و بەردبارانکردنی لەلایەن خۆپیشاندەران لە شاری سلێمانی کە تائێستاش بەردەوامە بەشێکی دانەبڕاوی ئەم شەپۆلە جیهانیەی ڕاپەڕینەکانی پڕۆلیتاریایە .

تەقەکردن و گوللەبارانکردنی خۆپیشاندەران لەلایەن خودی دەسەلآتەوەو زیندانی کردنی دەیان لە خۆپیشاندەران وەلآمی تیرۆریستانەی دەسەلآتە ، هەروەکو لە ڕابردووشدا بەهەمان شێوە وەلآمی خۆپیشاندانەکانی قوتابیان و خەلکی کۆمەلگای پیرەمەگرون وهەلەبجە و . . .هتد یان دایەوە .

خۆشبەختانە ڕاپەڕینەکان ناوچەی ناوەڕاست و خواروی عێراقی گرتەوە (وەکو شارەکانی بەغداد و بەسرەو کوت و واست شارەکانی تر) وئاشتی کۆمەلآیەتی هەژاندوەو پایەکانی دەسەلآتی لەق کردووەو دەسەلآتدارانی خستۆتە ئەوپەڕی ترس و دلەڕاوکێ و پەلەقاژێ وە .




ئەمەیەکێك لە
دامەزراوە تیرۆریستەکانی دەولەتە ئاگردراوە لەعێراقی دوای سەددامدا ( 2011 ) . هەروەکو ئەمنە سوورەکەی سلیمانی لە 1991 دا

ئەم خۆپیشاندانانە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە لایەن و بەرەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە نی یە ( وەکو گۆڕان، ئیسلامیەکان وهاوپەیمانەکانیان) . ئەوان هەموویان یەکدەستن لەگەل حکومەتی هەرێم بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران ، وە خودی گۆڕانیش نکۆلی لەم راستیە ناکات و بەئاشکرا دەلێن کە ئێمە لەگەل پاراستنی ئارامی و ئاسایشی حکومەتی هەرێمداین و لەگەل ریفۆرم و چاکسازی و بەیاسا بووندایین و ئەمەش بە ئەرکی خۆمانی دەزانیین . تاوانبارکردنی خۆپیشاندەرانیش بە گێرە شێوێن و دەستی دەرەکی و بەکرێگیراوی بیانی بەیت و بالۆرەی دەسەلآتە کە هەمیشە دەیلێتەوە لە هەموو جێگایەکدا .



بنکەی ئاسایش لە شاری قاهیرەدا لە 2011 دا . ئەگەر دەولەت خۆشی ئاگری دابێت هەر لە ترسی شۆڕشگێڕی بزووتنەوەکەیە لە میسردا

**بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخە پێویستە :**

**1 – خۆمان ڕێکخەین و تواناکانمان کۆبکەینەوە و خۆپیشاندانەکانمان گشتی بکەینەوە لەهەموو ناوچەکاندا و پەیوەست بین لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا لە ڕێگای دروستکردنی " دەستەکانی ڕاپەڕینە " وە لە زۆربەی شەقام و کۆڵآنەکاندا .**

**2 – چەکدارکردنی بزووتنەوەکەمان بۆ وەڵآمدانەوە بە تیرۆری دەوڵەت**

**3 – دەست بگیرێت بەسەر بنکە و بارەگا حیزبیەکاندا و بسووتێنرێن**

**4 – داوا لە هەژاران و نەدارانی ناو حیزبەکان ئەکەین – کە لە ناچاریدا بوون بە چەکدار__ بە خۆیان و چەکەکانیانەوە پەیوەست بن بە خۆپیشاندەرانەوە**

**5 – مانگرتنی گشتی رابگەیەنرێ و کرێکاران نەچنە سەر ئیش و کار لە دام و دەزگاکانی دەولەتدا**

**6 – دەزگاکانی میدیا ریسوا بکرێن و کامێرەکانیان بشکێنرێن**

**7 – کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکان لەیەك جێگای دیاریکراودا پەنگ نەخواتەوە چوونکە تێکشکاندنی ئاسان ئەبێت**

**8 – نا بۆ گۆڕینی دەم و چاوەکان و بەلێ بۆ ڕووخانی دەسەڵآت و دەوڵەت**

گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیست

2011 \2\19

## بانگەوازێك بۆ خۆپیشاندەران لە شاری سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان و عێراق بە گشتی

خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی و شارو شارۆچکەکانی تر لە کوردستان راستەوخۆ دەربڕی ڕق و کینەی پەنگخواردووی پڕۆلیتاریایە دژ بە زوڵم و ستەمی دەسەلآت بە گشتی و بەرئەنجامی ئەو قەیرانە کۆمەڵآیەتیەیە لە نێوان کار و سەرمایەدا . ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیە بەشێکی دانەبڕاوە لەو زنجیرە ڕاپەرین و خۆپیشاندانانەی کە لە یۆنان و فەرەنساو دواتر تونس و میسرو لیبیا و یەمەن و بەحرەین و باقی شوێنەکانی تری ئەم دنیایە دەستی پێکردووە . سەرەتای سەرهەلدانی شۆرشێکی کۆمەلآیەتی ئینتەرنایسیونالیستی و پریشکەکەشی گەشتۆتە کوردستان و عێراق . و شەپۆلێکی جیهانی شۆرشی پرۆلیتاریایە . ئا بەم شێوەیەو لە رێگای خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانەوە چەوساوەکانی ئێرەش خۆشحالی و سۆزی پشتگیری وهاو چینایەتی خۆیان بۆ راپەرینەکانی گشت لایەك ڕادەگەیەنن ، بۆ تەواکردنی ئەو کارە شۆڕشگێڕیەی کە هاوچینەکانمان لە شوێنەکانی تر پێی هەلساون و پێی هەلئەسن . هەر هەمووی ، بە بێ هیچ دوودلیەك ، تەواکەری هەمان باری شۆڕشگێڕی ئۆمەمیەکە دەسەلآتدارانی لەهەموو شوێنێك خستۆتە ئەوپەڕی شپرزەیی و شلەژان و ترسێکی زۆرەوە . ئەوان هەموو هەولێکیان بۆ ئەوەیە کە خۆپیشاندانەکان بەلاڕێدابەن و هەرچی بۆیان بکرێ ئەم نارەزایەتیانە شارە گەورەکانی هەولێر و دهۆك و کەرکوك و هتد نەگرێتەوە . بۆ ئەم مەبەستەش چەندین رێگایان گرتۆتە بەر بۆ بەرگری دانان لەبەردەمیا ، وەکو کردنی مەیدانی ئازادی بە مەیدانی لێدانی سرودی نیشتمانی و داواکاری ئاشتی و چاکسازی و بە مەدەنی کردنی کۆمەلگا وە هێنانی هێز لە دەرەوەی سلێمانی و درۆو دەلەسەی تالآنکردنی بازاڕو دواتر تەقاندنەوەی بۆمبی غازی و دروستکردنی سیناریوی هاتنی چەکدارانی تیرۆریست و زیندو کردنەوەی قەوانی ڕزگارکردنی کەرکوك و دواتر دانیشتنەکانی گۆڕان و یەکێتی و لایەنەکانی تر .

بۆیە هەر لێرەوە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە ئەم درۆو دەلەسانەی دەسەلآتداران لێرەو لە هەموو جیهان هەمان بەیت و بالۆرەی کۆنەو ئەو قەوانە سواوەیە کە لە هەموو کاتێکدا دووبارەی ئەکەنە . هەموو لایەکمان ئاگادارین کە لەو وولآتانەی کە ناومان هێنان لە سەرەتادا خۆپیشاندانەکان لە ناوچەیەکی بچووك و ژمارەیەکی کەم دەستی پێکرد ، بەلآم دواتر ڕێرەوەکەی گۆڕاو زۆر بە هێز بووەوە توانایەکی باشی دایە چەوساوەکان تا گەیشتە شکاندنی دیواری ترس و بە هەزاران لە خەباتکاران و تێکۆشەرە پڕۆلیتاریەکان هاتە سەر جادەو تەخت و تاراجی دەولەتیان لەرزاند . دەسەلآتدارانی ئێرەش ئەم راستیە زۆر باش دەزانن کە ئەم بارودۆخە زەنگی لەناوچوونیانە ، بۆیە بە هەموو ڕێگایەك هەول ئەدەن کە تاك و پەرت پەرت و پەرش و بلآومان بکەنەوەو خۆپیشاندانەکانمان بەرفراوان نەبێت . لەم هەولەشیاندا هەموو لایەنەکانی دەسەلآت ، پارتەکانی ئۆپۆزیسیون و هاوپەیمانەکانیان ، بەیارمەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەموو مشە خۆران و هەموو ئەوانەی بەرژەوەندیان لەگەل دەسەلآتدایە ، نووسەران و مامۆستایانی زانکۆو وە هەموو ئەوانەی بەناوی خەلکەوە قسە ئەکەن و لەژێرەوەش دانیشتن و گفتوو گۆ لەگەل دەسەلآت دەکەن ، بۆ بە لاڕێدا بردن و بلآوە پێکردنی شۆڕشگێران و داوای ئاشتی و دەست لە ملانێمان لێ دەکەنەوە لە ڕێگای پەرلەمانەوە . لە لایەکی ترەوە هەموو جۆرە ترس و تۆقاندن و گرتن و کوشتن و زیندانی کردن بەکار دەهێنن ، ئەگەر ئەمەشیان بۆ نەچووە سەر دێن لە ڕێگەی پیاوچاکان و سەرانی ئاینی و ترسی لەدەست دانی ئەزموونەکە و هتدەوە دەیانەوێ کۆتایی بەم بارە بهێنن . ئەمە چ ئەزموونێکە کە دەسەلآتی سەرمایەداری هەموو ژیانی لێ سەندووین کە چی ئێمە دەنگ نەکەین و ڕازیبین . ئێمەش پێیان ئەلێین نەك ئەزموونی حکومەتی هەرێم بەلکو ئەم بارە شۆڕشگێرەییەی گشت ناوچەکەی گرتۆتەوە ، وە هەنگاو بە هەنگاو سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و دلنیا بن هەموو ئەزموونی سەرمایەداری جیهانی تێك ئەشکێنێت .

دەسەلآت دەیەوێ خۆپیشاندانەکان هێمنانە و مەدەنیانە و بە ئاگاداری پۆلیس بەڕێوە بچێت و خۆپیشاندەرەکان لە بەردەمی کامێراکاندا بوەستن و قسەیان بۆ بکەین و دلنیایان کەینەوە کە تەنها و تەنها چاکسازی و گۆڕانی دەمووچاوەکانمان ئەوێ و بەس . بۆیە هەرچی لەدەستیان بێت ئەیکەن و ناهێلن ئەم خۆپیشاندانانە بەرفراوان بێت و هەموو شارەکان و گشت لایەك نەگرێتەوە و ڕووەو ڕووخانی تەخت و تاراجیان شۆرش دزە نەکات .

بۆیە دووبارە ڕایدەگەیەنین کە خۆسازدان و خۆڕێکخستن و کۆبوونەوەمان لە دەوری یەکتری و سەرتاسەری کردنەوەی خۆپیشاندانەکان زامنی سەرکەوتن و بەهێزکردنی تواناکانمانە بەرەوجەنگی کۆتایی و کۆتایی هێنان بەم کۆمەلگا نا مرۆڤایەتی یە . هەموو هێز و لایەنەکان بە خودی ئۆپۆزیسیۆن و هاوپەیمانەکانیانەوە ، ئیسلامیەکان و سەرانی گۆڕانیش ئەم ڕاستیە باش دەزانن ، بۆیە ئەوەی دەسەلآت بە گوللە و فرت و فێل بۆی نەچووە سەر ، ئۆپۆزیسیون بە ئاشتی و پێکەوە ژیان و بە مەدەنی کردنی کۆمەلگا بەسەرماندا بسەپێنێت . هەموو دژایەتیەکی ئۆپۆزیسیۆن بۆ دەسەلآن شەڕی بەشکردنی داهات و بەرکەوتنی پشکی زیاترە و هیچی تر .

بەرەو یەکگرتن بۆ بەردەوامی دان بەخۆپیشاندان و ڕاپەڕینی سەرتاسەری لە هەموو جێگایەك

بژی ڕاپەڕینی پڕۆلیتاریا لە هەموو وولآتەکاندا

بروخێ سیستەمی کار و دەولەت

بەرەو شۆڕشی کۆمۆنیزم

گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیستی

2011 \2\28



ئەم کردەوانەی پڕۆلیتاریا شۆڕشگێڕەکان بوو کە دەولەت و بازاڕەگانی هێنایە سەر چۆك لە میسردا نەك نوێژ وو دوعای ئیسلامیەکان

# “Hunger riots” are struggles of the proletariat!

Everywhere in the world the contradiction between the human needs and the needs of Capital, of profit, is always more striking. Grim murderous merry-go-round of stock exchanges and markets, cynical and murderous calendar of adjustment structural plans, all this implies for our class always more misery, deprivation, daily and generalized poisoning. Capital’s catastrophe speeds up and it’s always our class that picks up the tab!

**Capital deprived us of anything to force us to work**

**When it doesn’t need our labour force anymore, it lets us die.**

**Capital kills and doesn’t have anything else to offer.**

But the proletariat doesn’t take the increasing brutality of these attacks against its survival conditions without reacting. These last weeks, in dozens of countries all over the world, our class took to the streets, reappropriating something to eat in order not to die.

Faced with this human reaction social democracy deplores lootings and revolts “without prospects”. In the name of saving the planet it advocates austerity, abnegation and submission. Denouncing this or that “pernicious effect of the system”, brandishing the mystification of “world overpopulation”, it feeds us again with its wild imaginings of accounting reforms supposed to regulate profit and to humanize the capitalist barbarity.

Everywhere in the world proletarians nowadays get hammered through generalized attack against “purchasing power”. Yet, resignation through social democratic acceptance of the “lesser evil” globally still prevails today: the worst is and will always be elsewhere, farther, in the “third world”, by “the poorest”, “the most exploited”...

Bourgeoisie can still take the liberty of maintaining the struggles of our class in isolation and restore its social peace while murdering with impunity **our class brothers striking for their most elementary needs**. And this happens with the necessary support of these useful idiots, these docile citizens who vote and sort out their household waste, these sloppy spectators sitting before their television and who will maybe shed tears over “violence and hunger in the world” between two elections or sports results.

## Dying or struggling, there is no other alternative for the proletariat

## *Let's support our struggling class brothers, let's fight everywhere against exploitation*

### Hunger riots and suburbs riots... these struggles are ours

### Our enemy is everywhere the same

### This system is in crisis? May it die!

### Internationalist Communist Group - April 2008

## Proletarians, let's refuse to submit to the anti-terrorist campaign of the state!

## Anti-terrorism is state's terrorism!

**The capitalist terrorism against the humanity speeds up everywhere in the world. The raising of foodstuffs price, the massive layoffs and the cut in social allowances, following the current capitalist crisis, throw hundreds of millions of proletarians out into the street and deprive them of the most elementary means of survival.**

**First and foremost it's deprivation of our means of life by capital that is terrorist!**

**To stand up for themselves against the exponential worsening of survival conditions, proletarians take to the street and confront the state in dozens of countries all over the world, and right now in Greece, Italy, and Spain…**

**The states, their laws and their police harshly suppress any proletarian action (picket line, traffic blockade, sabotage, demonstration, etc.) that hinders sacrosanct "free movement of labour, right to work, to sell, and to buy...". Struggling proletarians are systematically accused by the state "to take innocent victims hostage" (i.e. citizens who submit to the bourgeois law and order), to intimidate them, and to terrorize them.**

**It is actually the bourgeoisie that feels terrorized by the fact that merchant property and freedom are being called into question, and this is the reason why it tends to broaden its definition of "terrorism" to any action that breaks with the democratic order. It means thus at the same time:**

- **Hiding the fundamentally terrorist nature of its domination while exclusively putting terrorism into the same category as the proletariat's violent reactions, while deliberately confusing those reactions that stand in a class perspective and those that various containments lead astray towards aclassist, reformist, religious, national liberation purposes;**
- **Consolidating its legal, juridical and ideological arsenal of repression against any protest movement targeting the merchant order;**
- **Imposing among the exploited the ideological division between "innocents" and "culprits", between "honest citizens" and "terrorist barbarians";**

- Finally isolating proletarians who break with Social Democrat pacifism and pushing their class brothers and sisters to denounce and dissociate.

It is essential to affirm against these bourgeois manoeuvres that:

- First and foremost what is terrorist it's the very bases of the democratic system of property and liberty, the legal rules protecting this latter!
- Any compromise to the anti-terrorist campaign of the state directly means collaborating to the repression of any protest against capital's daily terrorism against the humanity!
- The proletarians repressed in the name of anti-terrorism are our fellow proletarians!

**Solidarity means to struggle anywhere against the state!**

**ICG – Internationalist Communist Group – December 2008**



لەندەن لەهاوینی 2011دا .

## له میسردا پرۆلیتاریای خه باتگیر خاوی کردۆته وه و بۆرجوازیه کانیش خۆیان رێك ئه خه نه وه

به ماوه یه كی زۆر كورت دوای به رپا بوونی راپه رینی پرۆلیتاریا له تونسدا و له گه ل هه نگاوی یه که می سه رکه وتنه کانیدا ، پرۆلیتاریا له میسردا راپه ری و به ژماره زۆره که یی و لیاقه ته شۆرشگێریه که ی و گیرفانه داروتاوه که یه وه و ، چه کدار به ئاگروو و کوته ك و چه قۆ و به رد ، په لاماری بنکه کانی حیزبی حاکم و مال و بازار و سامانی پیاوه ناسراوه کانیان دا و له گه ل هێزه کانی پۆلیس و ئاسایشی ده وله ت که وتنه شه ره وه . مه خزه نه کانی خواردن و که ل و په ل تالآنکران و زیندانه کان شکێنران و ده سته پرۆلیتاریه کان له هه موو ناوچه راپه ریوه کاندا هه ره شه یان له خاوه نداره ره کان ئه کرد و له کۆلآنه کاندا ته راتێنیان ئه کرد . پۆلیس و هێزی ئاسایش که وتن و پاشه کشه یان پێکراو سوپای میسر دابه زیه سه ر شه قامه کان و بنکه سه ره کیه کانی ده وله تی خسته ژێر چاودێری خۆیه وه .

ئه م سه رکه وتنه چاوه روان نه کراوه خێرایه ی جه ماوه ری پرۆلیتاریا و که وتنی هێزه کانی پۆلیس و دابه زینی سوپا بۆسه رجاده کان و دوودلی سوپا له به کارهێنانی چه ك و ته شه نه کردنی راپه رین بۆ ناو سه ربازه کانی و چه کداربوونی گشتی پرۆلیتاریا ، گۆرانکاریه ك بوو که پرۆلیتاریای شۆرشگێره کان به ر له راپه رین وایان نه ئه بینی که به بێ خوێن رشتنێکی زۆر و به بێ به ربه ره کانیه کی درێژخایان بێ ته دی . ئه م سه رکه تنه گرنگه ی بزووتنه وه که به سه ر ده وله تدا پرۆلیتاریای راپه ریوی خسته دوودلی یه وه و نه یبرد به ره و ته رکیزکردنه سه ر چه کداربوونی گشتی و هاتنه ده ره وه ی کرێکاران له کارگه کان و بانگه وازی سه ربازه کان بۆ هاوبه شی کردن و له به ریه ك هه لوه شاندنی سووپا و وه زاره ته کان و دام و ده زگاکانی په یوه ست پێوه یی و ده ستپێشخه ری کردن له ده ستگرتن به سه ر هه موو تواناکانی کۆمه ل دا . . ئه م لاوازیه ی پرۆلیتاریا ده ستبه کاری بزووتنه وه که ی خاوکرده وه و له به رده م سووپا و ده وله ت و خاوه نداره کاندا . ئه مه ئه وه مان پێ ئه لێت که وا دیاره ئه زموون و ووتووێژه شۆرشگێریه کانی تێکۆشه ره پرۆلیتاریه کان و ئاستی تیۆری و کردار یی رێکخستنه کانیان به ر له راپه رین زۆر پابه ندی کرده وه سه رکوتکه ره کانی ده وله ت بووه ، هه ر وه ك دژه به عس له 1991 ی کۆردستاندا ، و دژه شا له 1977 ی ئێراندا بواری تاوو توێکردنی کرده وه شۆرشگێریه پێویسته کانی دوای ئه وهه نگاوه ی نه بووه . سه باره ت به لایه نه گرنگه کانی ده وله ت و کۆمه ل وه ك سوپا و کار و خاوه نداره کان و ئاین و رێکخراوه کانیان .



پرۆلیتاریا راپەریوەکان زۆرخۆشحال بوون بەوەی کە سوپای میسر راستەوخۆ پەلاماری نەدان و بەچەك نەکەوتە سەرکوت کردنیان ، وەکو لیوای سوپای کۆماری لە 1991 ی عێراقدا . بەلآم ئەوەیان نە ئەزانی کە ئەم هەلوێستەی سووپا لە لاوازی سەرکردەکانی سوپاوەیە نەك لەخۆشەویستیانەوە . ئەوان لەوە ئەترسن کە سەربازەکان وەکو زۆربەی پرۆلیتاریاکانی تریاخی بێن و سوپا لە بەریەك بترازێ و چەکە قورسەکان بەلێشاو بکەوێتە دەست پرۆلیتاریاکان ، وەکو 1987ی ئێران و 1991ی عێراق ، و دەولەت بە تەواوەتی لە بەریەك بترازێت و سەرکردە بۆرجوازیەکان و بەرژەوەندەییەکانیان بە بێ پارێزگار بمێنێتەوە و سەرمایەداری جیهانی بنکە سەربازیەکانی لە ناوچەکەدا لەدەست بچێ و توانای سەرکوتکردنی بزووتنەوەکەی لە سنوری ناوچەکەدا و بە سەرکردایەتی هێزی ناوچەکە لە دەست دەرچێت و جیهان بچێتە ئاستێکی ترەوە لە بەربەرەکانێی چینایەتی نێوان پرۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیستی و سەرمایەداری نێودەولەتی یەوە .



ئەوە زۆر ئاشکرایە کە پرۆلیتاریای راپەریوو بە کردەوە شۆرشگریەکانی پەلاماری بازاروو سەروەت و سامانی بەناوبانگەکان ئەدات و رەمزەکانی دەسەلآت ژیرپی ئەخات ، وە کارگەکانی وولآتی هیناوەتە سەر چۆك و ئابووری وولآتی هێناوەتە سەر چۆك . ، بەلآم ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە هشتا پیی هەلنەساوە ئەوە پەلاماردانی بانکەکان و مەخزەنەکانی چەك و هاتنە دەرەوی کرێکارانی کارگەکانە بۆ بەرفراوانکردنی بزووتنەوەکەیان و دەستگرتن بەسەر هەمووشتیك دا ، هەموو وولآتەکەدا ، نەك تەنیا کارگەکان ، یان بەشیك لەگەرەکەکان ، یان مەیدانی سەرەکی شارەکاندا . ئەم لاوازیە بەکردەوەیەی پرۆلیتاریا لەلایەك و پەنگخواردنەوەی پرۆلیتاریا چەککراوەکان لە مەیدانی ئازادی و مەیدانەکانی تردا و تیکلآو بوونیان بە دیمۆکراسی خوازو ئیسلامی و لایەنەکانی تری سیاسەت مەدارانی بوژانەوەی سەرمایە و کار ، وە رکخراوبوونیان لە ژیر دروشمی لابردنی موبارەك و گۆرینی حکومەت و کردنی هەلبژاردن و تا دوایی لەلایەکی ترەوە هەرەشەیەکی سەرەکی لە پرۆلیتاریای راپەریوو و بزووتنەوەکەی ئەکات لەسەر تاپای ناوچەکەدا . ئەم لاوازیە سەرەکییەی پرۆلیتاریا لە میسردا بۆتە هیز بۆ بۆرجوازیەتی جیهانی و پییان ئەلیت کە هەنگاوەکانی داهاتوویان چی بیت لە ناوچەکەدا . هەروەها ئەمە بەشی زۆری پرۆلیتاریای نە تەنها لە میسردا ، بەلکو لە تەواوی ناوچەکە و وولآتەکانی تردا تووشی دلەراوکی کردووە و بەشە ناوچەییەکانی و کردەوەکانیانی لەیەکدابریوەو بواری ریکخستنی لە هیزیکی سەرتاپاییدا کوشتووە . ئەمەش لە دریژەخایانیدا پرۆلیتاریاکان برسی و هیلاك و نائومێد ئەگات و رەگەزەکارامەکانیشی لە کارئەخات و ئەیانخاتە بەر تیرۆری پۆلیس و ئیسلامیەکان و دەزگاکانی نیودەولەتی وکاتەکان بەفیرۆئەدات و ریگە بە کۆمیتەی گەرەکەکانی سەربەدەولەت ئەدات کە خۆیان چەکدارکەن و سوپا خۆی گورجوگۆل کاتەوەو حیزبە سیاسیەکان ووتوویژ بکەن و دەولەتەکان پلان دانین و رەگەزەکانی پۆلیس و ئاسایش خۆیان ریکخەنەوەو کۆمەلگای کۆن لەسەر لەنوی خۆی برازیننەوە .

بەپێی توانای یاریکردنی دەولەت ( بە هەموو رەگەزە نێودەولەتەکانیەوە ) بەم لاوازییەی بزووتنەوەکەوە مەترسیەکانی بزووتنەوەکە هەل ئەسەنگێنن وهەلویست و بەلێن و تاکتیکەکانیان لەبەرامبەر پرۆلیتاریادا ئەگۆرن . دەولەت شان بەشانی بەکارهێنانی بەربەستە کرداریەکانی وەك : کۆنترول کردنی هاتووی چۆی پرۆلیتاریاکان ، بوارنەدانی لەیەکدانی هێزە ناوچەییەکانی ، ئابلووقەدانی ناوچە شۆرشگێریەکان ، دەست نیشانکردنی دەستە و رەگەزە پێشرەوەکانی بزووتنەوەکە ، جیاکردنەوەی بەشەکانی کرێکاران بەپێی باری کارکردنیان و رێکخراوە سەندیکالیەکانیان و بەکارهێنانی بەشێکیان دژی بەشێکی تریان ، یان بەکارهێنانی جووتیاران و ئەوانەی کە هێشتا بەدەولەتەوە بەستراونەتەوە دژی ئەوەی کە لەدەولەت یاخی بووە ، وە هەروەها کەم کردنەوەو گرانکردنی پێویستیەکانی ژیان و هێنانی رێکخراوە خێرخوازیەکان و برسی کردنی بەکۆمەلی پرۆلیتاریاو ریسواکردنیان ( وەکو 1991 بەدواوەی عێراق ) بیرورا سیاسیەکانی وەك بەرژەوەندیەکانی گەل و نیشتمان پەروەری و دیموکراسیەت وهەلبژاردن و دین و گۆرانکاری و دەستکەوتە پلە بەپلەییەکان و راکێشانی بێ ئەزموون و بال شکاوەکانی پرۆلیتاریا ( وەکو 1978ی ئێران و 1993ی کوردستانی عێراق ) بەکاردێنێت بۆ تێکشکاندنی درێژخایانی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا و بیناکردنەوەی کۆمەل . لە هەردوو نموونەکەی 1977ی ئێران و 1991ی عێراقدا دەولەت ئەم یاریەی بۆ نەکرا بەبێ بەرپاکردنی جەنگی نێودەولەتی . لە میسردا بەرپاکردنی جەنگی نێودەولەتی ئاسان نی یەو وولاتەکانی ناوچەکە بە عێراق و ئێران و تورکیاشەوە ئەگرێتەوەو ئاگری راپەرین روو لەو وولاتانەش ئەکات و جیهان روو بەرووی یان شەپۆلێکی شۆرشگێری بەرفراوانی جیهانی یان جەنگێکی نێودەولەتی زەبەلاح ئەبێتەوە .



لەسەر ئەم لاوازییەی بزووتنەوەکەوەو دەست نەبردنی پرۆلیتاریا بۆ سوپا لە میسرو تونسدا یە کە هەرەشەکانی دەولەت لەلایەك و دانیشتن و ووتوویژەکانیان لەگەل ئیسلامی و هێزەکانی تردا لەلایەکی ترەوە دەستی پێکردوو ، ویەکێتی سیاسی بۆرجوازیەکان ، بە سەرپەرشتی سووپای میسر و نوێنەرانی نێودەولەتان و سەرانی پێشووی دەولەت ، خۆیان لە دەولەتدا مەرکەزی دەکەنەوە و پێشنیارە سیاسیەکانیان تاو توێ ئەکەن و تێکشکاندنی دیموکراسیانەی پرولیتاریا رائەگەیەنن و داوای گەرانەوەی هەمووان دەکەن بۆسەر ئیش و مال و حالی پێشووی خۆیان بە دەست بەتالی وبەبەجێ هێشتنی بابەتەکان بۆ ئەوان بۆچارەسەرکردنی .

لە میسردا نزیکەی 20 ڕێکخراوی سیاسی دینی و دیمۆکراسی کۆن هەن کە بووژاونەتەوەو دەیان دەستەی تازەی سەر بە هەمان ئاووهەوا شی هاتۆتە سەر . مەیدانی ئازادی بۆتە مەیدانی کۆبوونەوەو پروپاگەندە ساسیەکانی ئەمانەو شەکانەوەی ئاڵاکانی دەولەت . پرۆلیتاریا شۆرشگێرەکان لەو مەیدانەدا بێ چەك و بێ ڕێکخراو ئابلوقەدراوون و لە مۆرکە شۆرشگێریەکەیان دائەمالرێن و مۆرکی دیمۆکراسیەیان بۆ دائەتاشرێ . دیاردەکانی ئەم مەیدانەو مەیدانەکانی تری هاوشانی لە شارەکانی تردا کراوەتە ئاوێنەی رازاندنەوە و بەشودانی بزووتنەوە شۆرشگێریەکە لەمیسردا . . ئەم شایەی بۆرجوازیەتی جیهانی خۆشحالی خستۆتە دلی هەمووپارتەکۆن و نوێکانەوە ، بە پارتی رژێم و دەزگانێودەولەتیەکانی نێوانیانیشەوە ، و پرۆلیتاریای لە میسردا پی هەلئەپەرێنرێ ( بۆنموونە ،لە 4 – 2 – 2011دا هەوالنامەیەکی بی بی سی ئەوەی راگەیاند کە مەیدانی ئازادی شاری قاهیرە بە تەواوی بە سوپا ئابلوقەدراوەو ئەوانەی دێنە ناو ئەو مەیدانەوە بە پێنج خالی پشکنیندا تێئەپەرن کە لەلایەن سوپاو کۆمیتەکانی پارێزگاری کردنی مەیدانەکەوە بە هاوبەشی بەرێوەئەبرێت . خۆپیشاندەرەکان ئەبێت شوناسنامەکانیان نیشان بدەن و بپشکنرێن بەر لەوەی بچنە ناو مەیدانەکەوە . ) .

دەستپێشخەری و پێشبرکێیەکی جیهانی بەردەوامی بۆرجوازی نێودەولەتی و نوێنەرەسیاسیەکانی لەمیسردا لە ئارادایە بۆ گەرم کردنی ئەم شایە دیمۆکراسیە لەسەر دودلی و لاوازیەکانی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا و لە بەریەك هەلوەشاندنی یەکێتی چینایەتی خەباتی پرۆلیتاریا لە میسردا و ڕێکخستنەوەی پرۆلیتاریا راپەریوەکان لە پارتە کۆن و نوێیەکانداو راکێشانی بەدوای بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرجوازیەتدا لەم ڕێگەیەوە . ڕووداوەکانی ڕۆژانی خۆپیشاندانی یەك ملیۆنی و ڕۆژی جومعەو ڕۆژانی دواتر ، وە دوور خستنەوەی خۆپیشاندەران لەوەی کە پەلاماری قەلای کۆماری و دەزگاکانی راگەیاندن و بنکە گرنگەکانی تربدەن ، وە بەرگرتنی سەندیکاکان بە مانگرتنی گشتی وبە هاتنەدەرەوەی کرێکاران بۆ سەرجادەکان ، ئەمانە بەشێکن لە شانۆگەریەکانی ئەم شایە .

دەست نەبردن بۆ سوپا و مەخزەنەکانی چەك و تەقەمەنیان لە تونس و میسردا لاوازیەکی سەرەکی ئەم شەپۆلە شۆرشگێڕیەی پرۆلیتاریایە لەو دوو وولآتەدا و کاریگەریەکی سەرەکی کردۆتە سەر توانای ئەم بزووتنەوەیە لە سەپاندنی خۆیی و هەرەشەکردن لە دەولەتی سەرمایە و گوردان بە بزووتنەوەکە لە ناوچەکەدا ( بۆ زیاتر لەسەر ئەم لایەنە بروانە نووسینەکەمان لەسەر تونس) ئەم لاوازییەی بزووتنەوەکە لە کاتێکدا بووکە سوپای ئەو دوو وولآتە لە دوودلی و تەنگەبەریەکی زۆردا بوو لەسەر ئەوەی کە چۆن وەلآمی راپەریوان بدرێتەوە . سەربازێکی زۆر نەك هەر ئامادەی تەقەکردن نەبوون بەلکو خۆیان زۆر لە نزیك راپەرینەوە ئەبینیەوە و سەرکردەکانی سوپا زۆر لەمە دلنیا بوون بۆیە لەبری هەزارەها لە سەربازە پیادەکان دەیەها لەسەربازی ناو تەنکەکانیان خستە سەرجادەکان . درێژنەبوونەوەی بزووتنەوەکە بۆ پەلامارنەدانی بانکەکان و قەسری کۆماری و ناوچەی دەولەمەنەکان لە و دوو وولآتەدا پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەهەلوێستی بزووتنەوەکە لەبەرامبەر سوپادا هەبوو . ئەمە شان بەشانی لاوازی نەهاتنەدەرەوەی کرێکاران وئیش کەران لە کارگەکان و لە ڕێکخراوە سەندیکالی و دیمۆکراسی خوازی و ئاینییەکان و لە پەیوەندیە باوکایەتیەکەی جیهانی کۆن و برەونەدانیان بە یەکێتیە چینایەتیە شۆرشگێریەکەیان دژی هەموو لایەنەکانی سیستەمی کاری کرێ گرتە ، بە وەزعە کەم کرێی و دارزیوو برسی و نا مرۆییەکەی خۆیان و تیرۆری دەولەتیشەوە .

ئەمە بە پێچەوانەی راپەرینی پرۆلیتاریا لە 1977 ی ئێراندا کە بەشی سەرەکی سوپای لەبەیەك ترازاند و دەرگای بۆیاخی بوونی سەربازەکان کردەوەو هاوخەباتی لەگەل یاخی بووەکاندا پێکهێنا و چەکە قورس و سووکەکانی کەوتەدەست . هەروەها پرۆلیتاریاکان لە بەرگی سەربازیدا لە 1991 عێراقدا تەجاوەزی ئەم هەلوێستەی سەربازەکانیان لە 1977دا کردوو ئەوان خۆیان

سەرمەشقی یەکەم پەلامارەکانی شارەکانی خواری عێراق بوون و بە دەبابەو چەکە قورسەکانیانەوە پەلاماری بنکەکانی سەربە دەولەتیان داو دەرگایان بۆ راپەرینی سەرتاپایی پرۆلیتاریا لە وولآتەدا خستەسەرپشت . لیواکانی سەرووی وولآت ، کە بەبێ سەرکردە سەرەکیەکانیان مابوونەوە ، چەکیان داناو بە ملیون پارچە چەك کەوتە دەست پرۆلیتاریاکان و پرۆلیتاریا بەشێوەیەکی گشتی چەکداربوو . ئەم دوو بزووتنەوەیە کەوت چونکە بەجیا لەیەك بەرپا بوون و تاك بوون لە ناوچەکەدا لە لایەك و لەلایەکی تریشەوە بەشی هەرە زۆری پرۆلیتاریای شۆرشگێر لە ژێر کاریگەری لینینزمدا بوون و دیمۆکراسیەت و ناسیونالیزمیان گرتبووە خۆ . بۆیە ناسیونالیزمی کوردی لە هەردوو راپەرینەکەدا ، لەگەل رێکخراوە دیمۆکراسی و ئەحزابە شیوعیەکانی ئەو دوو وولآتەدا ، رۆلی ناوەوەی دژەشۆرشیان ئەبینی و پەیوەندیە نێودەولەتیەکان ( بە وولآتانی ناوچەکەشەوە ) و سوپای ئیسلامیەکان لە ئێرانداو سوپای کۆماری لە عێراقدا دەوری دەرەکی دژەشۆرشیان ئەبینی و بە پشت بەستن بە یەکتری ئەو دوو بزووتنەوەیان تێکشکاند .



سەرکەوتنی توانای چینایەتی هەر بزووتنەوەیەکی پرۆلیتاری لەشوێنێکدا لە وەدایە کە تا چرادەیەك بەشە جۆراوجۆرەکانی وەکو کرێکاران و بێ کاران و قوتابیان و مامۆستایان و هونەرمەندان و سەربازان و پیشەگەران و شۆفێران و دایکان و خوشکانی گەوزاو لە چەوری چێشتخانەکان و تەپوتۆزی گسکەکانیاندا ، ئەتوانن لەباری چەساندنەوە و مەرجە تایبەتیەکانی ئەو ژیانەیان کە سەرمایەو پەیوەندیەکانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ خولقاندویەتی و هەلی ئەسوورێنێت یاخی بن و خۆیان شان بەشانی یەکتری لەخەباتدا دژی سەرمایەو سەرمایەدارەکان و دەولەتەکانیان بیننەوە . گوّمان لەوەدا نی یە کە جیاوازی هەیە لە باری ژیان و کرێ و مەرجەکانی کۆمەلآیەتی ئەم بەشانەی پرۆلیتاریا دا و لە نێوان پرۆلیتاریا لە وولآتەکانیشدا ئەم جیاوازیانە مەرج و بەرهەمی سەرمایە یەو هەمیشەش لەگەلیا دووبارە ئەبێتەوەو ئەگوێزرێتەوە لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر . بۆیە رێکخراوەکانی پەیوەند بەم جیاوازیانەوە ، وەکو سەندیکاکانی کار و رێکخراوی بێ کاران و قوتابیان و مامۆستایان و تا دوابی ، تا چەندیش ناو بەناو رادیکالی بنوێنن هەر لەژێر بالی سەرمایەدا ئەژین و پابەندی ئەون و ژیانیان بەوەوە بەسراوەتەوەو هەتا ئەویش بمێنێت ئەمانە هەرهەن . ئەوەش دیسانەوە گوّمانی تیا نی یە کە دەستپێشخەریە شۆرشگێریەکان بەیەك ئاست هەموو ئەم بەشانە ناگرێتەوەو هەمیشە دەستەیەکی پرۆلیتاریا زیاتر لە دەستەکانی تر دەستی لە ئاگرخۆشکردنەکەدا هەیە و ژیانی لە مەترسیدایە ( وەکو ناوبراو بە بێکارو قوتابیان و گەنجان لەم بزووتنەوە ئینتەرناسیونالیستەی ئێستای پرۆلیتاریا لە جەزائیر و تونس و میسردا ) . ئەمەش دیاردەیەکی سروشتی خۆراپسکاندنە یەکەمینەکانی پرۆلیتاریایە لە سەرکورتکردنە دوورو درێژەکەی دەولەت و پێویستی سەرەکی شلەقانی ئاشتی کۆمەلآیەتی یە بۆ هەل و مەرج رەخساندن بۆ زوربەی بەشەکانی

پرۆلیتاریا لە بینە ناوەوە . ئەوەی گرنگە دوو لایەنی سەرەکی یە کە ئەبێت دەست لەملی یەکتری کەن بۆ سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی پرۆلیتاری ، یەکەم بەرفراوانکردنی بەردەوامی ئەم شلەقانەی ئاشتی کۆمەڵایەتیە بە کردەوە شۆرشگێریە یەك بەدوای یەکەکاندا و شکاندنی هەموو دەرگاکانی دەولەت و پایەکانی سەرمایەیە بە بێ وەستان ، دووەم پێکهاتنی کەمایەتیەکی شۆرشگێری بەردەوام لە زیادبوونیدایە بە پێی برەوی ئەم بزووتنەوەیە لە نێوان ئەم بەشانەدا کە یەکێتی چینایەتی ئەم بەشانەی پرۆلیتاریا لە بەرنامەیەکی شۆرشگێڕیدا کۆئەکاتەوە دژی لاوازیەکان و چۆکدانانەکان و تەعبیر لە گشتیەتی بزووتنەوەکە ئەکات وەك بزووتنەوەیەکی نێونەتەوایەتی .

خالی دەست پێکردن و بەیەکادانە سەرەتاییەکانی ئەم بزووتنەوەیە چەندیش بەرتەسك و ناوچەیی بێت سنوردار نی یە بە باری ئابووری و نەتەوەیی و سیاسەتی وولاتەوە ، بەڵکو مەیدانە سروشتیەکەی گۆرەپانی جیهانیە و دوژمنەکەی سیستەمی جیهانی سەرمایەو کردەوەکان و رێکخراوەکانیشی سەر بە بزووتنەوەی ئینتەرناسیونالیستی چینی پرۆلیتاریای جیهانیە و بەرنامەکشی کۆمۆنیزمە . هەروەکو لە سەرتای بزووتنەوەکەدا مەرجی سەرەکی بەردەوام بوونی بە ستراوەتەوە بە راددەی بەشداری کردنی هەموو بەشەکانی پرۆلیتاریا لە خەباتدا لە بەردەوام بوونیشیدا مەرجی سەرکوت نەکردن و تەشەنەسەندنی بەستراوەتەوە بە توانای بزووتنەوەکە لە شکاندنی سنوورە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و دەستی خەبات راکێشان بۆ پرۆلیتاریای ئەو وولاتانەی نزیکی کە دەستی پێیان ئەگات و پەیوەندی لاشەیی لەنێوانیاندا لە توانادایە ( لە ئێستادا تونس و جەزائیر و میسرو فەرەنسا و ئیسپانیا بۆ نموونە ) لەلایەك و توانای بەرنامە شۆرشگێریەکەی و کەمایەتیە دەستپێشخەریەکەی لە دەربرینی بەرژەوەندیە ئینتەرناسیونالیستیەکانی خەباتی پرۆلیتاریا و هاندانی بەرپابوونی شۆرشی ئینتەرناسیونالیستی و رێکخراو بوونی نێونەتەوایەتی پرۆلیتاریا . ئەمە نەك هەر خەیال نی یە بەڵکو بەرهەمێکی سروشتی بلاوبوونەوەی جیهانی راپەرینەکانی پرۆلیتاریاو تاکە رێگای شۆرشی ئینتەرناسیونالیستی و خستن و سرینەوەی جیهانی سەرمایەیە بە هەموو دەولەت و نەتەوەو ئاینە جیا جیاکانیەوە . کۆمۆنیزم ، نەمانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە ، کۆیلە نەبوونی مرۆڤ بۆ کار و بەرهەم و پەیوەندیەکانی کار ، نامۆنەبوونی مرۆڤەکان لەسروشتی خۆیان و تواناکانیان و بەرهەمی ئەو تواناياتەیان ، ژیانی بە کۆمەلی بێ خاوەنداریێتی و دەسەلات ، ماتۆری نهێنی و ئاشکرای مێژوویی هەموو ئەم بزووتنەوانە بووەو بەرهەمی سەرەکی شۆرشە جیهانیە کەشیان ئەبێت .

لەم تێروانینەوە کۆمۆنیستیەوەیە کە کرێکاران و بێکاران و قوتابیان و دایکان و خوشکانی پەنگخواردنەوەی بەناو مالەکان لە میسردا ئەبێت لە باری چەوشاندنەوەیان یاخی بن و کردەوە شۆرشگێریەکانیان لەیەك بدەنەوەو هانی بەردەوام بوونی بزووتنەوەکەیان بدەن . ئەم بزووتنەوەیە هەر ئەبێت خۆی لە هێزێکی کۆمەڵایەتی چەکداریدا رێکحات بۆ شکاندنی هێزە ریفۆرمیستە سەندیکالی و دیمۆکراسیەکان لەناوەو هێزەکانی سەر بە دەولەت و خوا و هێزە نێو دەولەتیەکان لە دەرەوە . ئەم هێزە شۆرشگێریە ئەبێت پێك بێت نەك بۆ خۆپیشاندان و دەمەتەقێ و چاوشارکێ ، بەڵکو بۆ یەکخستنی هەموو بزووتنەوەو جمووجوولەکانی و یەکلاکردنەوەی دوودلیەکانی و رامالینی هێزەکانی دوژمن . هەتا بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لە میسرو تونسدا زیاتر لەم وەزعە ناوەندیەی ئێستایدا بمێنێتەوە زیاتر خۆی بەدەست بۆرجوازیەتی جیهانیەوە ئەدات ، هەروەکو 1977 ی پرۆلیتاریا لە ئێران و 1991ی پرۆلیتاریا لە عێراقدا ، و بواری خۆرێکخستنەوەی سوورەکانی سەرمایە تەراتێنەکانی دەولەتەکانی و دەستخەرۆکردن و تێکشکاندنی خۆیی و بە کۆیلە کردنەوەی جەماوەرەکەی ئەدات .

لە دوانیوەرۆی 31 – 1 – 2011دا لەسەر میسر بی بی سی لە زمانی یەکێك لە هەوالنوسەکانیەوە کە لە قائیرەدا بوو ووتی : هەزار کەسێك لە خۆپیشاندان لە مەیدانی ئازادیدان و سووپا لەسەر جادەکان و پۆلیس هێنراوەتەوە سەر شەقامەکان بەلام دوێنێ شەو بەتاریکی مەرکەزێکی گەورەی بازارەکان هەر تۆزی دوور لێرەوە بە تەواوی تالآن کراوە . هەروەها ووتی کە شەو دادێت سەرجادەو کۆلآنەکان بە تەواوی ئەبنە شتێکی ترسناك . ( ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە بانگێشکەرەکان هاوار ئەکەن و بەکردەوەکانیش پەلامار ئەدەن ) .

مانگرتنی کرێکاران لە کارگە حکومیەکاندا و دەستگرتن بەسەرئەو کارگانەدا ناوچەکانی گرتۆتەوەو تازەترینیان داگیرکردنی کارگەکانی چنینن لەلایەن کرێکارانەوە لە کۆتایی مانگی یەکی سالی 2011دا . وە بەدوایدا کارگەکانی پاپۆر شاری سویس و کارگەکانی تر . لەگەل ئەم خۆراپسکانە بەکۆمەلەی کرێکارانی پیشەسازی لە هەلومەرجەکانی کار و ژیان و سەرکوتکردن هێشتا دوودلیەکی گەورە هەیە لەناو بەشی هەرەزۆری ئەم جەماوەرە کرێکاریەدا لەسەرئەوەی کە هاتنەدەرەوەی لە کارگەکان و تێکلاوبوونی بە شەپۆلی سەرشەقامەکان و گرتنەبەری کردارە تێکدەرەکانی دەولەت و سەرمایە لە دەرەوەی چوارچێوەی کار و کارگەکان لەوانەیە ببێتە هۆی نەمانی ئەم هێزە وەك هێزێکی کرێکاری و شوناسنامەی کرێکاریەکەی وون کات و بنکە پیشەسازیەکانی لە دەست دەرچێت و رێکخراوەکانی پابەندی کاریش لەبەریەك بترازێن و کرێکاران وەك چین نەمێنن .




ئەم تێروانینە سەندیکالیە پیشەسازیە ، کە لەلایەن سۆشیال دیمۆکراتەکانی نێونەتەوایەتی دووهەمەوە کرا بە بیردۆزی سیاسی و رێکخراوەیی و راددەی بوون و نەبوونی چینی پرۆلیتاریای لە وولاتەکاندا پێ ئەپێورا ، تێروانینێکی ئابووری خوازەکانە بۆ چین و پابەندی پێشکەوتنی سەرمایەی پیشەسازیە و هەزارەها رێکخراوی کرێکاری و سەندیکالی هەیە کە دابەشبوون بەپێی هەلومەرجە پیشەسازی و مالیەکانی کاردن و باری سەرمایە لە پێشبرکێ کردنیدا . ئەم رێکحراوانە نەك هەر مۆرکی چینایەتیان نی یە بەلکو لەسەر باری تایبەتی ئیشەکان دروست بوون و پابەندی ئەون و لەسەریشی ئەژین و بەرگریشی لێ ئەکەن دژی هەر بزووتنەوەیەکی کرێکاری کە پابەندی نەبێت ، یان بیەوێ تێکی بشکێنێت . ئەم رێکخراوەنەی کار بەشێوەیەکی سیاسی لەلایەن حیزبە سۆشیال دیمۆکراتەکانی نارەزا ، یان لەلایەن حکومەتەکانەوە بەراستەوخۆی بەرێوە ئەبرێن ( حیزبی کاری بەریتانی وهاوشانەکانی لە ئەوروپادا کۆنترین رێکخراوەکانی کار بەرێوەئەبن بۆنموونە ) . ئەوەتەی ئەم رێکخراوانە هەن لە ماوەی 150 سالی رابردوودا نە دژی سەرمایە بوون و نە کرێکارانیشیان بەرەو یەکێتی بردووە . زۆر بە پێچەوانەوە لەرێی ئەم

ڕێکخراوانەوە کرێکاران زیاتروزیاتر لەیەکتری و لە هەڵوێستە چینایەتیەکانیان و لە یەکگرتنی ڕاستەقینەی سەر بەخۆیان دوور خراونەتەوەو دراون بەدەست دەوڵەت و سەرمایەدارە تایبەتەکانەوە. ئەم ناوەندانە نوێنەرایەتی کرێکاران ئەکەن لەبەردەم سەرمایەدارەکاندا و نوێنەرایەتی سەرمایەدارەکان ئەکەن لەبەردەم کرێکاراندا، لەم پەیوەندیە دولایەنیەدا چەندین هاوڕێی کرێکارانن ئەوەندەش هاوڕێی دەوڵەت و ئەو سەرمایەدارانەن کە پێیانەوە بەستراونەتەوە. کرێکاران لە چەوساندنەوەی کاردا لەبەریەك هەڵ ئەوەشێنرێن و هەر بەشەیان گیرۆدەی ئالەیەك و سەعاتێکی تایبەتی ئیش و پەیوەندیەکی بەرتەسك ئەکرێت و ئەکرێن بە گژی یەکتریدا. کرێکاران لە خەباتکردن دژی ئەوچەوساندنەوەیەو هەل و مەرجە گشتیەکانی ژیان و چاوبرین لە ژیانێکی بەکومەلی مرۆیی بێ برسێتی و چەوسادنەوەو خۆفرۆشتن وەك چینێك خۆیان پێك دێنن. ئەم چینە کۆمەڵایەتیە شۆرشگێرە سەرتاپا هەموو ئەوانە ئەگرێتەوە کە سەرمایە بەراستەوخۆیی یان ناراستەوخۆیی هەلیان ئەسورێنێت و نامۆن بەو هەلسورانەوخەبات ئەکەن دژی. سلکردنەوەی کرێکارانی کارخانەکان لە وونکردنی شوناسنامەی کاریان ئامادەنەبوونیانە (هەروەکو 1991ی عێراق و ئێستای تونس) بۆ شکاندنی کۆت و زینجیرەکانی کاری کرێ گرتەو هاوبەشی کردنی سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەکەیان بۆ شەرە یەکلاکەرەوەکان. ئەمە دلی سەرمایەداری جیهانی خۆش ئەکات و سنووری رادەی شۆرشگێری ئەم بزووتنەوەیە ئەکێشێت و بەشەکان لەیەکتری جیا ئەکاتەوەو لەژێر دەستی ریفۆرمیستەکاندا ئەیان هێلێتەوەو کاریگەری بزووتنەوەکە لاواز ئەکات و دەوڵەت لە ترس دوور دەخاتەوەو سیستەمی سەرمایە ئەهێلێتەوە.



پەلاماردانی مەیدانی ئازادی و مەیدانەکانی تری شارەکان کە نوێنەرایەتی بەشێك لە مەرکەزیەتی دەوڵەت و توانای هێزەکانی پۆلیسی ئەکرد لە سەرەتای راپەرینی پرۆلیتاریا لە میسر دا کارێکی سروشتی شۆرشگێری بوو بۆ پەلوپۆ شکاندنی هێزی پۆلیس و بەرزکردنەوەی وورەی راپەریوان و لێدان لە مەرکەزیەتی دەوڵەت. لە هەموو راپەرینە بەرفراوانەکانی پرۆلیتاریادا ئەم کارە کراوە و هێزی داوەتە بزووتنەوەکە. بەلآم راگرتنی بزووتنەوەکە لەم ئاستەیدا و ئاراستەنەکردنی هێزی پرۆلیتاریا بەرەو بانکەکان و بنکەکانی چەك و قەلاکانی تری دەوڵەت و بنکە جاسووسە نێودەوڵەتیەکان بنکەی ڕێکخراوە دیمۆکراسیەکان (کە هەموویان رۆلی مەرکەزی دەولەتی سەرمایە ئەبینن)، وە نەهاتنەدەرەوەی کرێکاران لە پەیوەندیەکانی کارو ڕێکخراوەکانیان و گوژم نەدانیان بە بزووتنەوەکە یان هەموویان لاوازی ئەم بزووتنەوەیەو هێز ئەداتەوە بە چینی بۆرجوازیەت و بزنزەکانیان و بە دەولەتەکەیان.

پەنگ خواردنەوەی پرۆلیتاریاکان لەمەیدانی ئازادیدا و کردارە رەمزیەکانیان (هاوار و دروشم و دەمەتەقێ و داگیرکردنی مەیدانەکە . . .) مەشغول کردنی بزووتنەوەکەو شێواندنیەتی. یئەم دیاردەیە، کە جۆرێکە لە مانگرتن و وەکو داگیرکردنی

کارگەکان وایە لە لایەن کرێکارانی ئەو کارگانەوە ، رۆژ بە رۆژ زیاتر لە ناوەرۆکە شۆڕشگێڕیە سەرەتاییەکانی رووت ئەکرێتەوەو بەکاردێت لەلایەن دەزگاکانی نێودەولەتی و پارتەکانی ناوخۆوە بۆ دەست بەسەرکردنی ئەم بزووتنەوەیەو کردنی بەوەی ئێرانی 1977 – 1978 و ئەوەی 1991 ی عێراق . داگیرکردن ، بە هەموو ئاستەکانیەوە ، کاتێك بەکەلکە کە راستەوخۆ ببێتە چەکداربوون و رێکخراوبوون و بەهێز بوون و بەرفراوان بوون و تیژبوون و دلنیایی بوونی زیاتر و زیاتری بزووتنەوەی پرۆلیتاریا ، کە ئەمەش مانای داررووتانی زیاتر و زیاتری دەولەت و چینی بۆرجوازییە لە تواناکانی خاوەندارێتی و چەکداربوون و خۆرێکخستن و پەلاماردان و تا دوای .

لەم دەست بەسەریەی جەماوەری پرۆلیتاریاوەیە کە گۆرانی حکومەت جێی رامالینی دەولەتی گرتۆتە ، سوپا بە سەربەرزی ماوەتەوە ، هێزەکانی پرۆلیتاریا دابەش ئەکرێتەوە بەسەر مزگەوت و رێکخراوە ریفۆرمیستی و دیمۆکراسیەکاندا ، کەمایەتیە شۆڕشگێڕەکان ئابلووقە ئەدرێن و دوور ئەخرێنەوەو ریفۆرمیستە کرێکاری و ماویی و سۆشیالیستەکانی تر جێگەکەیان ئەگرنەوە .

هەتا ئێستا بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لە تونس و میسردا ئابووری و سیاسی چەکداری وولآتی ئیفلیج کردووە بەلآم تێکی نەشکاندووە ، سیاسەتی زالی دەولەتی لە بەرێوەبردن خستووە بەلآم رای نەمالیوە ، دەسگاکان و هێزی بە کۆمەلی پۆلیس و دادگا و سیخوریەکانی دەولەتی لە ئیش خستووە بەلآم زال نەبووە بەسەریاندا ، کارگەکان و دامەزراوە ئابووریەکانی تری لەبەر دەستایە بەلآم نەیکردووە بەهێزی خۆی ، خۆی لە رێکخراوە دینی و سەندیکالی و ریفۆرمیستەکان راپسکاندووە بەلآم یەکلای نەکردوونەتەوە و بە شێوەیەکی سەرانسەری خۆی لە دیکتاتۆریەتەکەیدا وەك تاکە هێز رێك نەخووستووەو کۆمەلی نەخستۆتە ژێر ئەو هێزەوەو بەسەر سەرمایەو دیمۆکراسیەتەکەیدا زال نەبووە . ئەم بێ کارامەییەی بزووتنەوەکەمان لەو دوو وولآتەدا بەرهەمی دوورو درێژی سەرکوتکردنی بێوچانی پرۆلیتاریاو تێکشکاندنی رێکخراوەکانیەتی لە لایەن چوار هێزی سەرەکیەوە : گرتن و پەلامارەکانی دەولەت ، جەنگی ناسیونالیستی و زایۆنیزم ، ئایین و رێکخراوەکانی ، وە رێکخراوەکانی کاروسەر بە دیمۆکراسیەت . ئەمە هەروەها پابەندی باری بزووتنەوەکەمانە لە سەر ئاستی جیهانی کە بە زۆرو بەکەم لە هەمان بێ کارامەییدا ئەخولێنەوە . ئەوەش ئاشکرایە کە نە سەرمایەداری جیهانی بواری ئەوە ئەدا و نە لە توانای پرۆلیتاریای ناوچەیەکیشدایە کە بە تەنها بەرەنگاری سەرمایە ببێتەوەو زال بێت بەسەریدا . لاوازیەکان و کەلەبەرەکانی بزووتنەوە ناوچەییەکان لە بەردەوامە نێونەتەوایەتیەکەیاندا پڕ ئەبنەوەو ئەبن بەهێز . ئەمە ئەوەمان پێ ئەلێت کە ئەوەی پرۆلیتاریا لە و ناوچەیەدا ئەیکات هەر ئەبێت بەشێك بێت لە بزووتنەوە نێونەتەوایەکی و هەر لەو رێگەیەشەوە دانەبرینی خۆی و سەرتاپایی پرۆگرامە چینایەتیەکەی ئەدۆزێتەوە و پەیرەو ئەکات .



رووداوەکان وهەواڵە سەرەتاییەکان لە میسردا وایان نیشاندا کە پرۆلیتاریای راپەریوو لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی میسردا هێزی پۆلیسی تێکشکاندو عەمارەکانی خواردن وکەل وپەلی تالآن کردوو زیندانەکانی شکاند و دەستی گرت بەسەر شەقامەکاندا . دەولەت سوپای دابەزاندە ناوچەکان و دەوری بانك و دەزگاکانی رادوێ و تەلەفیزیۆنی داو بەینی شارەکانی گرت و شوێنە گرنگەکانی تری دەولەتی خستە ژێر دەستی خۆیەوەو بەشێوەیەکی رەمزیش تانکەکانی لە شوێنە جەماوەریەکاندا بلاوکردەوە . لە هەمان کاتدا خاوەندارەکانی لادێکان و دارودەستەکانیان و ئەو هێزی ئاسایش و پۆلیسەی کە چەندین ساڵە پاریزیاری لە دەولەت و دارکاری و تیرۆری پرۆلیتاریاکان لە میسردا ئەکەن بوونەتە هاولآتی و لە ژێر رابەرایەتی وەزیری ناوخۆی پێشوودا و بە بەرگی مەدەنیەوە پەلاماری پرۆلیتاریاکان ئەدەن . ئەوەی جێی نائۆمێدیە ئەوەیە کە رادەی چەکداربوونی پرۆلیتاریاکان نزمەو پرۆلیتاریاکان نابینرێن بە چەکە قورسەکانیانەوە پەلامار بدات . ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت مەخزەنەکانی چەك دەستی بۆنەبراوەو سەربازەکان لە سەرکردەکانیان هەلنەگەراونەتەوەو شلەژان نەکەوتۆتە ناو ئەم بەشەی سەر بە دەولەتەوە و رێکخراوەکانی سەر بە بزووتنەوەکە بەدەست هێنانی چەکداربوونی گشستیان نەکردۆتە پرۆگرامی خۆیان .



بەبێ ئەم چەکداربوونەش لە توانای ئەم بزووتنەوەیەدا نی یە کە هەرەشەیەکی سەرانسەری لە دەولەت بکات و پەلاماری وەزارەتەکانی و قەلآکانی بدات و سوپاکەی لە بەریەك هەلوەشێنێت . ئەمە بە پێچەوانەی بزووتنەوەکە لە 1978ی ئێران و 1991 ی عێراقدا کە هێزێکی چەکداری گەورەی لە خۆی گرتبوو .

لەگەل ئەوەی کە پرۆلیتاریا لە تونسدا سەر مەشقی ئەم شەپۆلە شۆرشگێریەی ئێستا بوو وە لە هەندێ رووەوە زیاتر و قولتر رۆی دژی دەولەت و خاوەنداریێتی تایبەت لە چاو پرۆلیتاریا لە میسر و وولاتەکانی تردا ، بەلام بەهۆی پایەی میسر لە میزانی نێودەولەتیدا بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لە میسردا بووە بە پێوەری ئەم شەپۆلە شۆرشگێریە لە ناوچەکەدا . ئەگەر پرۆلیتاریا لە میسردا رێگە بدات بە دیمۆکراسیەت بزووتنەوەکەی تێکبشکێنێت و سازدانی هەلبژاردن و گۆرینی یاساو تاوتوێی رێکخراوەیی بال بەسەر بزووتنەوەکەیدا بکێشێت ئەوا ئەمە ئەبێتە نموونەی سەرمایەی جیهانی بۆ تێکشکاندنی ئەم بزووتنەوەیە لە سەرتاپای ناوچەکە و دەرەوەیدا . ئەگەر لە ئەنجامی دابەشبوونی بەشەکانیەوە و نە توانینی خۆرێکخستنی بەشێوەیەکی کاریگەر و پەلامار دەرەوەو لە ئەنجامی بێ توانایی پرۆلیتاریای نێونەتەوایەتی بکەوێتە ئابلوقەو برسی کردن و شەری لاوەکی و وازی لێ بێنە تا ئەپوکێتەوە وناو بەناو هێنانی جووتیاران و ئەوانەی بەرژەوەندیەکانیان بەدەولەتەوە بەستراوەتەوە بۆ پەلامارداینان ئەمە دیسانەوە ئیشارەت ناردنێکی ترە بۆ وولاتانی ناوچەکەو دەرەوەی کە هەمان شت بکەن . ئەمە لەوانەیە کەمتر لە تونس و جەزائیر دا و زیاتر لە مەغریب و ئۆردن و یەمەندا ئیشی پێ بکرێت .

ئەگەر پرۆلیتاریا بتوانێت کەلەبەرەکانی بزووتنەوەکەی پرکاتەوەو هێزێکی یەکگرتوو بنوێنێت دژی پلانە دیمۆکراسیەکان و کرداری تێکدەرانەی کاریگەر بگرێتەبەر ئەوا سەرمایەی تێودەوەلەتی لەرێی سوپای میسرو دەزگاهاوکارەکانیەوە بەچەك پەلاماری ئەم بزووتنەوەیە ئەدات و سوپای میسر ئەبێتە سەر مەشقی سوپاکانی ناوچەکە دژی بزووتنەوەکە . تا چەند بزووتنمەوەکە لە میسرو تونس و جەزائیردا بتوانێت سوپاکان لەبەریەك هەلوەشێنێت و بانگێشەی یاخی بوونی شۆرشگێری سەربازەکان بکات دژی سەربازی و سەرکردەکانی ، تا چەند ئەمە بکاتە یەکێتی چەکداربوون و رێکخراوبوونی نێوانیان تا ئەوەندە ئەو پلانەی سەرمایەی جیهانی تێك ئەشکێنێت و یارمەتی خۆیی و تەشەنەکردنی راپەرین لە ناوچەکەداو دەرەوەی ناوچەکەدا ئەدات . هەروەها لەم رێگەیەوە بە سەرمایەداریی جیهانی ئەلێت چەکە دیمۆکراسیەکانی ئیش ناکەن و ئابلوقەدانی بزووتنەوەکە ئاسان نیەو بزووتنەوەکە زۆری پێ یەو کەمی دەرئەخاو پەلاماردانی سەربازیشی باردۆخی جیهانی ئەباتە ئاستێکی ترەوە . ئەم سوور بوونەی پرۆلیتاریا لە ناوچەکەدا بانگێشەی هەموو پرۆلیتاری نێونەتەوەیی لە وولاتەکاندا ئەکات کە هەستن دژی خۆرێکخستنەکانی دەولەت بۆ پەلاماردانی ناوچەکەو راپەرین بەرپا بکەن .

بمانەوێت و نەمانەوێت خاوەندارەکان و سیاسەت مەداران و بازرگانەکان و ئەفسەر و پلەدارەکانی کۆمەل و دەست و پێوەندەکانیان دەستبەرداری پلەو پایە و سەروەت و سامانیان نابن کە بزووتنەوەی شۆرشگێری پرۆلیتاریا لە دژی هەستاوەو ئەیەوێت بوونە چیانایەتیەکەی ئەوان و باری ژیانی خۆشی کە پابەندیەتی هەلوەشێنێتەوەو ئەوان بکات بە ئەندامێکی سەربەخۆی سادەی کۆمەلی نوێ .

لە سەرتای هەموو راپەرینێکی شۆرشگێریدا و لە ئەنجامی لێدانی پەیوەندیە چینایەتیەکانی نێوان بەشەکانی چینی سەرمایەدار لەلایەن پرۆلیتاریاوە شلەژان و پەرتەوازەیی و خۆبەدەستەوەدان و هەلاتن ئەکەوێتە نێوان سەرانی ناك و بەکۆمەلی ئەم بەشانەی بۆرجوازیەتەوە . بەلام کاتێك کە هێزێکی سیاسی و چەکداری توانی خۆی لە پەلامارەکانی پرۆلیتاریا بپارێزێت و لەگەلیا بروا ، تەلەی بۆدانێ و بەرەورووی بێتەوە ئەوا ئەمهێزە ئەبێتە پارێزەری بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیان و بەشی زۆری ئەم بەشانە پێوەی ئەلکێن ( سوپای میسر و سوپای تونس لە ئێستاداو ، پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە 1991ی عێراقدا بۆنموونە ) . کاتێك کە پرۆلیتاریای شۆرشگێر زیاتر و زیاتر ، قول ترو قول تر ، بەرژەوەندیە شۆرشگێریەکانی بزووتنەوەکەی نەسەپاند دژی ئەمانەو کەلکی لە شلەژانەکان بەتەوای وەرنەگرت و هێرشەکانی خاووکردەوەو چاوی لە دوژمن

پۆشی و کەوتە کۆبوونە و مانگرتن و خۆپیشاندانی بێ کەلك و ووتووویژی چەکدانان و رازی بوون بە بەشکردنی دەسەلآت و بەرهەم ، ئەوا ئەم هێزە یەکگرتووەی دەولەت زیاتر لەجاران دوای چەککردنی پرۆلیتاریاکان و کوژاندنەوەی بزووتنەوەکەو تێکشکاندی بەرژەوەندیەکانی ئەکات .

ئەو چینەی کۆمەل کە بەرژەوەندیەکانی بە بێ دەولەت و بازارو ئیش و سەرمایەو بانق و پۆلیس و چەوسێنەران بوونی نی یەو ناروات بەرێوە ، هەمیشەو هەتا بمێنێت خەبات ئەکات بۆ دووبارە کردنەوە و پتەوکردنی ئەم بوونە چینایەتیەی لە کۆمەلدا . پرۆلیتاریا کەمەبەستێتی لە ئیش و بوون بە کالآو چەوساندنەوە و دەولەت و ئال و گۆرو دابەشبوونی مێژوویی کۆمەلآیەتی رزگاری بێت و کۆمەلگایەك بەم رزگاربوونەی بێنێتە کایەوە کە ئەم سیفاتانەی نی یەو ، ئەبێت نەك بە بێ دوودلی ، بەلکو تەواو بە خۆشحالی و بەزەماوەندی پرهێزەوە ئەم بەرژەوەندیانە لەسەر و لە رەگەوە بسووتێنێت . ئەمە مافی چینایەتی و مرۆیی خۆمان نی یە بەلکو ئاواتی چینایەتی و مرۆیی خۆمان و مندالەکانمان و مندالی مندالەکانمانە . بەرژەوەندیەکانمان فری بەسەر ماف و دیمۆکراسیەتەوە نی یە ، تیادا ئەپوکێتەوەو سەرگەردان ئەبین . ماف و دیمۆکراسیەت بۆ ئەوانەیە کە رازین بەم کۆمەلگایەو کەلك لە بازارو دەولەت وەردەگرن و بەرژەوەنیەکانیان تیایدا بەر ئەگرێت بۆیە گۆرانکاری لە کەلەسەرەکانی دەولەت : سەدام ، بن عەلی ، موبارەك ، بۆش ، تالەبانی ، نەوشیراون ، عەلی سالح و تادوایی ، بە تەنیا هیچ نی یەو هەنگاوی یەکەمیش نی یە لە روخاندنی دەسەلآتی چینی سەرمایەدا . بەدلنیاییەوە ئێمە ئەمە ئەلێن چونکە هەموو بزووتنەوەکانی پرۆلیتاریا لە 200 سالی رابردوودا بە زۆرو بەکەم ئەم گۆرانکاریەی سەپاندووە کەچی هەر تێکیش شکاوە . کەواتە ئەبێت هێرشە کانمان کەلەسەرکان و بنکە ئابووری و سیاسی و سەربازی و کۆمەلآیەتی و ئایدیۆلۆجیەکان و پەیوەندیە نێودەولەتیەکانیان بخاتە ژێر زەبری شۆرشگێری خۆیەوەو تێکیان بشکێنێت . ئەبێت ئەو پەیوەندیانە تێکبشکێنێت کە سەرمایە ئەبووژێنێتەوەو چەوساندنەوە درێژە پێ ئەدات .

ئەگەر ئەم راپەرینانەی ئێستای چینی پرۆلیتایای نێونەتەوایەتی لەم ناوچەیەدا نەبێتە زیادبوونی ژمارەی بەشداربووانی ، زیاتر چەکداربوون و رێکخراوبوونی هێزەکانی ، دارشتنی بەرنامەیەکی روون و بێ دوودلی کە هەموو لایەنەکانی بەرژەوەندیەکەی تیا دەربرێت ، زنجیرەیە لە پەلاماردانی بێ ووچان و بی خاوبوونەوە بۆ سەپاندنی ئەم بەرنامەیە دژی جیهانی کۆن ، ئەوا ئەم شەپۆلە شۆرشگێریەشمان ، بە شێوەیەکی دیمۆکراسیانە ، یان بە زەبری تێلآی سوپا ، یان بە برسی کردن و ئابلوقەدان ، یان بەهەموو ئەمانەو بە زیاتریشەوە لە بەریەك هەلئەتەکێنرێت و رسواو تێك ئەشکێنرێت . و ئەبێت ئەزمونێکی تری مێژووی تێکشکاندنی بزووتنەوە چینایەتیەکەمان .

***بروخێت نیشتمان و بەرەکانی، بروخێت دیموکراسیەت و دەولەت***

***بروخێت کار و چەوساندنەوە***

***بژی بزووتنەوەی ئینتەرنالیستی پرۆلیتاریا***

***بژی شۆرشی کۆمۆنیزم***

2011\2\8

## Haiti: save capital's property from the wreckage, and leave the proletarians to croak!

Barricades made out of bodies. This is what proletarians of Port-au-Prince erected across the streets eight days after the earthquake. It is said that "*they protest against glaring lack of emergency relief*". How not to see, beyond this obviousness that media prefer to hold on to, what these proletarians surviving on borrowed time proclaim to the face of this society, of its dominant class, but also to all of its decent citizens: *these are your deaths, they died of the crowding in which we lived, so little has been done the first days to save survivors and since then you are letting us dying in this gigantic mass grave.* Indeed, it is not necessary to explain to proletarians of Haiti that the States mobilizing today on the island don't give a fuck about their fate. As we regularly and strongly denounce in our press, soldiers and humanitarian workers are more than ever both faces of the same state programme aiming at breaking on the spot all class solidarity, all direct actions for survival. In a region historically full of uprisings, proletarians even in "normal" times are in a good position to grasp for which camp the humanitarian sector (independently from individual *good intentions*) and all the more the United Nations works: the camp of keeping the peace, the social peace, the maintenance of law and order, or also the famous "development", that is to say the development of profit and exploitation by the destruction of all autonomous practice of survival and struggle of our class. In fact, all these fundamentally capitalistic concerns to frame, to domesticate, to subject to civilization, are *inseparable* from brutal repression of struggles by weapons and torture. There are not a lot of proletarians who would cry for the deaths from "Minustah", the UN mission in Haiti.

Facing the disaster provoked by such earthquake in the heart of such merely capitalistic concentration of misery (we emphasize), and while bourgeoisie sheds crocodile tears over what it likes to call a "humanitarian crisis", the role of its "charitable" agents has been only confirmed. An American aircraft carrier is berthed just in front of Haiti, civilian and military planes are incessantly coming and going on the only operational runway of the airport (that got very quickly under control of the US Army),… but it is not to save proletarians of Haiti that all this abundance of means was mobilized for. There is indeed emergency relief… but for capital: to restore the state, to defend private property, to ensure supplying and logistics of the intervention force (including journalists) and the strategic institutions (UN, embassies,…), to save its own nationals (including debris of luxury hotels), and above all to redeploy a lasting international military presence, with the essential aim not to let revolted proletarians getting organized against their situation, which is the fruit of the yesterday and nowadays international bourgeois hate against them. When food and water will arrive to the gates of destroyed popular districts (and after ten days this is not yet the case!), the miserly distribution will be as always subject to docility and submissiveness of the people who will get these supplies.

While they rescue on TV several survivors from the wreckage and they try to convince us that “every social stratum” is touched without distinction, pictures of proletarians armed with machetes and “laying down the law in the streets” are constantly broadcast on the televisions all over the world. International media and leftist press are in their common action of dividing our class once again in an arrogant connivance to feed us with their racist clichés according to which hordes of Negroid destitute facing the disintegration of the State reverted greedily to their frightening natural state, the cannibalistic war of each against the others. They are described as propelled once by “despair”, another time by “cupidity”, organized in gangs which spread terror to “appropriate” foodstuffs and whose ranks certainly increased by the 6,000 prisoners who had escape under cover of the earthquake. Disgusted by this surging wave of bestiality, we are urged to applaud to the salutary deployment of the so-called “security” forces, all this to make us paying our guilty financial contribution into bank accounts displayed on the screen of television “solidarity” shows.

Behind these hackneyed journalistic phrases of “increasing number of looting scenes” is (badly) hidden the climax of capitalistic cynicism, a considerable degree of advances made in the field of inhumanity by the last –and the most “civilized”- of the class societies: whereas “all is disrupted” and the state is supposed to have vanished into the earthquake, armed cops and soldiers patrol amidst all these rubble and piles of dead bodies in a state of decomposition to prevent (with real bullets) the starving and thirsty proletarians to search in debris of stores in quest of what would allow them and their children not to croak like dogs! Well, that is the prosaic reality of the struggle against the vile gangs of looters! That is what recalls tremendously the situation in New Orleans after passing of hurricane Katrina in the summer 2005.

And as for Louisiana, when the bourgeoisie and its commentators emotionally and obscenely avidly evoke perspectives of “reconstruction”, we cannot doubt that the investments to grant, motivated by the purest selflessness, will zealously follow plans for social cleansing, plans which are developed in the worldwide gendarmerie headquarters.

So, proletarians return these pitiful bastards’ kindness: come yourselves to clear these barricades of dead bodies erected against the murderous hypocrisy of your society, they are not the result of “*the Providence’s injustice*” or “*the nature*” but rather and precisely of this society!

*January 22nd, 2010*

**Internationalist Communist Group (ICG)**

## تێبینیەکان سەبارەت بە بزووتنەوەکانی ئەمڕۆی پرۆلیتاریا لە وڵاتانی باکوری ئەفەریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا

لە 1918ی ئەلمانیادا بەرەی پارتی سۆشیال دیمۆکراتی پێکهات لە دژی راپەرینی کەمایە تیە دەستپێشخەرەکەی کرێکارانی ئەلەمانیا . سەرکردەکانی ئەم بەرەیە کورسیەکانی حکومەت و پلەکانی سوپایان گرتەدەست و چینە کۆنەکانیان بەرێوەئەبرد . ئەمە جەماوەری کرێکارانی خەسان و ئەو دەستە چەکداریانەشی پێکهێنا کە راپەرینیان تێکشکاندو سەرکردە شۆرشگێریەکانیشیان کوشت ( پانیکۆك لە بۆچی بزووتنەوە شۆرشگێریەکانی رابردووکەوتن ) . ئەم نموونەیەی 1918ی سۆشیال دیمۆکراتەکان زۆر لە مرۆی میسرەوە نزیکە . تونس لە نموونەکەی فێبریوەری 1917ی روسیا و میسر لە نموونەکەی 1918ی ئەلەمانیاوە نزیکە .

**سەبارەت بە بزووتنەوەکانی ئێستا :**

بەرپابوون و تەشەنەسەندنی راپەرینە یەك بەدوا یەکەکانی پرۆلیتاریا لە وڵاتەکانی باکوری ئەفەرریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا (جەزائیر ، تونس ، میسر ، ئۆردن ، یەمەن ، لیبیا ، مەغرب ، ئێران ، عێراق ، بەحرێن ، لوبنان و . . . ) لە ماوەی سێ مانگی رابردوواو بەر لەوانیش هەمان بزووتنەوە لە وڵاتەکانی یۆیان و فەرەنسا و ئەلەمانیا و . . . دا بە شێوەیەك کە جیهانی سەرمایەداری خستۆتە باری دلەراوکێ و ترسێکی هەمیشەییەوە و هیچ وڵاتێك و فۆرمێکی ئابووری و سیاسیشی نەهێشتۆتەوە کە نەی پێکابێت و نەی ترشاندبێت بەسەریەکدا : دینی ، بێ دینی ، مەلەکی ، کۆماری ، پێشکەوتن خواز ، دواکەوتوو ، پارلەمانی ، یەك حیزبی ، غەربی ، شەرقی ، سۆشیالیستی نەتەوەیی ، سەر بە ئیدارەی هێزەنێودەولەتیەکان و . . . ئەم خۆنیشاندانە سەرتاپاییەی بزووتنەوەکە بە روونی ئاراستەی ئینتەرناسیونالیستی و کۆمۆنیستی ئەم بزووتنەوەیە و لاوازی جیهانی دەولەتی سەرمایە نیشان ئەدات . ئەم شەپۆلە دوای بێ دەنگیەکی و سووکە نووزەیەکی درێژخایانی پرۆلیتاریای جیهانی لە 1920 کانەوە بۆیەکەم جار سەرەتای شەپۆلێکی تری بزووتنەوەی نێونەتەوایەتی پرۆلیتاریای گەرم و گوری نیشاندا . هەروەکو چەندین جار لە بلاوکراوەکانی 20 سالی رابردووماندا دووپاتمان کردۆتەوە ، مەبەستی دەولەتی سەرمایە لە شالآوی نێودەولەتی دژە تیرۆریستی ، و لە جەنگەکانی لە عێراق و ئەفغانستان و لوبنان و فەلەستین و پاکستان و کۆریاو تا دواییدا ، بەرگرتن و لە بەریەك هەلوەشاندنی زەمینەی مەوزوعی و توانا زاتیەکانی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای نێونەتەوایەتی بوو . ئەمەش بەو هیوایەی کە رۆژێکی وەکو ئەمرۆ هەرگیز روو نەدات . هەروەها بەربەرەکانیەکانی پرۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیستی ( بە تف و رق و پەلامادانەکانی تاك و بە کۆمەلی پرۆلیتاریاکانیشەوە لە هەموو کوێرەگەرەکێك و لادێیەکی عێراق و تورکیا و لبنان و ئەوروپا و ناوچەکانی تردا ) ، دژی جەنگ و سوپا و هێزە ناوخۆو نێودەولەتیەکان ویارمەتی دەرەکانیان ، هەم بەرگری کردن بوو لە بوونی چینایەتی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا و پارێزگاری کردنی ژیان و سەربەخۆیی ئەندامەکانی ، وە هەم بەرگرتن بوو بە دەولەتی سەرمایە بۆ درێژکردنەوەی جەنگەکانی و بەر فراوانکردنی گۆرەپانەکەی بە وڵاتەکانی تر . ئەم بوونە چینایەتیەی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لە زۆربەی وڵاتەکانی ناوچەکەدا ، وە لاوازی دەولەتی سەرمایە لە پەرەپێدانی جەنگەکەی لە ناوچەکاندا ، بەشێوەیەك کە پەل و پۆی پرۆلیتاریای جیهانی بەبەستێتەوە

بیکاتە خۆراکی کاروجەنگ و بازارەکان ، یەکێکە لە هەرە هۆکارە گرنگەکانی کۆبوونەوەی وویست و توانا شۆرشگێرەکان لە پرۆلیتاریای ئەم ناوچەیەداو ، لە لاوازی دەولەتەکانی ناوچەکە ، بە هەموو فۆرمە سیاسی و ئابووریەکانیانەوە ، لە بەرامبەر ئەم هێزە مێژوویەی پرۆلیتاریادا . هەر ئەم بوونە مێژوویەی بزووتنەوەکە یە کە ئەمرۆر بەری بە دەولەتی سەرمایە گرتووە لە کۆکردنەوەی هێزەکانیدا و لە دەستپێشخەری کردنیدا بۆ پەلاماردانی سەربازی پرۆلیتاریا لە ناوچەکەدا بە جەنگێکی نێودەولەتی فراوان .

> The real immediate struggle of the working class against exploitation, has always been – yesterday, today and tomorrow- antidemocratic, anti-frontist, and anti-national (ICG Theses Of Programmatical Orientation p 12)
>
> Communism, as a movement, opposes and excluded, at its origin, homeland, nation and national struggle. The abolition of all borders and nations is inherent in its development ( p 31).

دووبارەو سێبارە ئەیلێنەوە ، لە دژی هەموو ئەو سۆشیال دیمۆکراتیانەی کە ئەلێن پرۆلیتاریا نەماوە ، بە تایبەتی لە وولآتانی وەکو عێراق ، پرۆلیتاریا نەبووە ، وە رووداوەکانی بیست سالەی ئەو وولآتەو وولآتەکانی تری ناوچەکە پەیوەندی بە دابەش بوونی دینی و نەتەوایەتی و کوردایەتی و عەرەبایەتی یەوە هەیە نەك بە خەباتی پرۆلیتاریاوە ، کە خەباتە شاراوەو ئاشکراکانی پرۆلیتاریا لە ناوچەکەدا ، بە تایبەتی لە عێراقدا ، دژی جەنگی سەرمایە و هێزە نێودەولەتی و ناوخۆییەکانی هۆیەکی کرداری و هۆشیارکەرەوەی گرنگ بوو لەوەی کە نەیەلێت پرۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیستی تووشی خەوێکی دیمۆکراسی قوول بێت و دەولەتانی ناوچەکەو هێزەکانی سەرمایەی نێودەولەتی دەستیان ئاوالە بیت لە تەراتێن پێکردن و دارکاریکردنی سەربەخۆیی بزووتنەوەکە و خۆرێکخستنەکانی لە ناوچەکەو لە وولآتەکانی تری جیهاندا . ئەم دەستەمۆ نەبوونە دەولەتی بە شکستی هێشتەوەو و دەرگا خستە سەرپشت بۆ راپەرینەکانی ئەمرۆ . ئەمەش بۆ جارکی تر کۆمەلی

> The proletariat does not have a homeland and never did have one. Its own existence contains the abolition of all nationality. This is and always has been a central axis of communism ( ICG Theses Of Programmatical Orientation p 8)
>
> Capital is a worldwide reality, communism is a universal revolutionary movement and internationalism is a decisive element in the practice of the proletariat (p 5)

مرۆڤایەتی بە گەرمی خستە بەردەم بەرەورووبوونەوەی باری یان شۆرشی جیهانی چینی جیهانی پرۆلیتاریا ، وە یان جەنگێکی تری نێودەولەتی . لەبەر ئەمەو لەبەر ئەوەی کە جەنگە نێودەولەتیەکان ئامرازی حەتمی و کارامەی سەرمایەی جیهانیە لە تێکشکاندنی پرۆلیتاریای جیهانیدا لە وانەیە هەرئێستا سەرانی سەرمایەی جیهانی دەستی خۆیان بگەزن و پەشێمان بن لەوەی کە کەمتەرخەمیان هەیە لەوەی کە هەموو ناوچەکەیان نەخستۆتە ژێر زنجیری دەبابەکانیانەوە . لەبەر ئەمە ئێستا هەموویان چاویان بریوەتە کەمتەرخەمیەکانی پرۆلیتاریا و هەلەکانی ئەژمێرت بۆ نزیك بوونەوە لە بەرپاکردنی جەنگێکی وا لە رێگەیەوە . گەر پرۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیستی لە هەموو وولاتەکاندا هەلنەسن بە رۆلی شۆرشگێری خۆیان و بواری دەولەتەکانیان بەن لە هێز کۆکردنەوەو دەست پێشخەریەکانیان بۆ دابرینی بەشێك لە بزووتنەوەکە لە وولاتێکدا ( لیبیا بۆ نموونە ) بە هەریانوویەکەوە بێت لە بەبزووتنەوەکانی تری ناوچەکە ، وە دابرینی ناوچەیەك ( میسر و تونس و جەزائیر بۆنموونە ) لە ناوچەکانی تر و دەست بکەن بە مامەلەی تایبەت لەگەلیدا ئەوا دەرگاکان ئەکەنەوە بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانیان و تەراتێنی سەربازی لە سەر لاشەو چەکەرەکردنی تازەترین و بەزەبرو زەنگترین بەشی ئەم شەپۆلەی راپەرینی پرۆلیتاریا لە ناوچەکەدا .

راپەرینی پرۆلیتاریایە لە لیبیادا کە بەشەکانی سوپاشی گرتۆتەوەو بزووتنەوەکە خۆی چەکدار کردووە بە دەبابەو ئاربی جی و چەکەکانی ترەوەو پەلاماری ئەو بنکەو قەلایانە ئەدات کە هێشتا بەدەست هێزەکانی حیزبی حاکمەوەن و تێکیان ئەشکێنێت . هەوالەکان وا ئەگەیەنن کە ئەمە بەشی زۆری ناوچەکانی لیبیای گرتۆتەوەو گەزافی تەنیا پایتەخت و یەك دوو ناوچەی تری بەدەستەوە ماوە ئەم بارە لە مارچی سالی 1991ی عێراق ئەچێت کە پرۆلیتاریا لە خوارووە لەسەروی وولاتدا راپەریبووە خۆی چەکدار کردبوو بە چەکەکانی سوپاو سوپا بە تەواوەتی لە و دوو ناوچەیەدا لەبەریەك هەلوەشابووە سەدام تەنها پایتەخت و ناوەراستی وولات و لیواکانی گاردی کۆماری بەدەستەوە مابوو . سەدام تەنها بە یارمەتی هێزەنێودەولەتیەکان و ناسیونالیستە کوردەکان و دەولەتەکانی ناوچەکە توانی ئەو بزووتنەوەیە لە خوارودا کەلەپاچە بکات و لە سەرووشدا بیخاتە ژێر دەست بەرەی نیشتمانی کوردستان و ئێران و تورکیاوە . ئەم رادەدەی چەکداربوونەی پرۆلیتاریا لە لیبیادا چوونە پێشەوەیەکی بەزەبروو زەنگی بزووتنەوەکەیەو زیاتر هێزی داوەتە پرۆلیتاریای راپەریوو تا رادیەکی فراوان ئەوەی کرد کە پرۆلیتاریاکان لە تونس و جەزائیر و میسردا کەمتەرخەم بوون لە کردنیدا . ئەگەر پرۆلیتاریا لە میسردا پەلاماری هێزەکان و بنکەکانی سوپای بدایە وەکو 1991 ی عێراق و ئەمرۆی لیبیا ئەوا یەکێتی شۆرشگێری پرۆلیتاریا لە ناوچەکەدا لە ئاستێکی تردا ئەبووەوە سنوورەکان ئەکرایەوە بۆ هاوکاریەکی راستەقینەی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لەو ناوچەیەدا و دەولەتەکان و دیکتاتۆریەتە جیهانیەکەیان زیاتر لە پەلوپۆ ئەکەوت و هێزەکانی نێودەولەتی بە دەریاو ئاسمانەکانی ئەو ناوچەیەدا تەراتێنیان نەئەکردوو نوێنەرەکانیان زیارەتی ئەو وولاتانەیان نەئەکردوو بزووتنەوەی نێونەتەوایەتی پرۆلیتاریا ئەچووە ئاستێکی ترەوە . هەروەها بەهۆی ئەم کەم تەرخەمی و نەبوونی پەیوەندیەکی ئەندامی و رێکخراوەییە لە سەر ئاستی ئینتەرناسیەنالیستی کە هەموو بەشەکانی پرۆلیتاریا خۆی بە ئەندامی بزانێت و هەمان پرۆگرام بەرێتە پێشەوە ئەوەی پرۆلیتاریا ئەمرۆ ئەیکات بەیانی لەدەستی دەرچووە و رێکخراوە دینی و ناسیونالیست و نەقابی و دیمۆکراسی خوازەکان و دەزگا نێودەولەتیەکان بوون بە خاوەنی و دەولەتی سەرمایەی جیهانی پێ ئەخەنەوە گەر . بۆنموونە لە شاری بەنغازی بانق و بازارەکان خراونەتەوە ئیش و دیکتاتۆریەتی سەرمایە تەرتیێن ئەکات . . لە تونسدا پارەکان لە دەست دەولەمەنەکاندا مانەوەو لە میسردا سوپا فەرمان رەوایی ئەکات . شاری سینای میسر لە سەرتادا لەدەست هێزی چەکداری راپەریودا بوو وە سوپا بە هاوکاری سوپای ئیسرائیل دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتەوە ، بەلآم رادەدەی بەرەنگاری پرۆلیتاریا بۆ ئەم هێرشە دیار نی یە و ئەوەش روون نی یە کە لە چەند ناوچەی تری میسردا ئەمە کراوە . بەلآم ئەوە دیارە کە دوو ئاست لە بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لە میسردا لە ئێستادا لە ئارادایە . یەکەم بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لە شەقامەکان و دەرەوەی کارخانەکاندا ( کە

بە قوتابی و بێ کارو رۆشنبیرو تا دوای ناو ئەبرێن ) ، دووەم بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لە کارگەو کارخانەکاندا . هاوکاتی وهاوکاری کردەوەکان و ئامانجی نێوان ئەم دوو ئاستە زۆر لاوازەو دوورە لە یەکتریەوە . ئەمەش دەرگای خستۆتە سەرپشت بۆ رێکخراوو بەرنامەو پلانە بۆرجوازیەکان . کرێکارانی کارگەکان لە مانگرتندا ماونەتەوەو نەقابە کۆن و نوێیەکان بەرنامەکانی چاککردنی کارو کرێ و مافە دیمۆکراسیەکان دا ئەرێژن و ووتوووێژی لەسەر ئەکەن . پرۆلیتاریا لە سەرشەقامەکانیش تێکەڵاو بە بەرنامەی دیمۆکراسی خوازو سۆشیالیستە نەتەوەییەکان و دینیەکان بوون و رێکخراوە لینینی و دینی و ماوییەکان سەرکردایەتیان ئەکەن . بیرکردنەوە و رێکخراوە نەقابیەکان زاڵن لە کارگەکانداو لینینی و دینیەکانیش زاڵن لەسەرشەقامەکاندا . سوپا مانگرتنە کرێکاریەکان بە هەرەشە بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی ئەزانێت و داوای کۆتایی هاتنی مانگرتنەکان ئەکات .
نەقابیەکان داواکاریە ریفۆرمیستە ئابووری و سیاسیەکان بە پێویستی ئەم قۆناغەی خەباتی کرێکاری ئەزانن و مفاوەزاتی لەسەر دەکەن . رێکخراوی برا موسلمانەکانی میسریش ئامۆژگاری سوپا ئەکات کە لەگەل نوێنەرانی کرێکاراندا دابنیشێت و کێشەی مانگرتن و داواکاریەکانی کرێکاران چارەسەر بکات . هێلێکی ریفۆرمیستی و دیمۆکراسی خوازی بۆ باشکردنی کار و کرێ و ئازادی خۆرێکخستن و رادەربرین وهەلبژاردن بە سەرکردایەتی نەقابی و لینینی و ماویی و دینیەکان لاوازیەکانی هەردوو ئەم بزووتنەوەیە لەیەك ئەدات و پێشکەش بە دەولەتی جیهانی سەرمایەی ئەکات ( بروانە بلآوکراوەکانی کە لەو ناوچەیەوە هاتوون و لە پاشکۆی ئەم نووسینەو نووسینەکانی پێشووترماندا چەند نموونەیەکمان لێ بلآوکردوونەتەوە ) .

ناوەرۆکی بزووتنەوەکە لە جەزائیردا نزیکە لە ئاستی بزوتنەوەکە لە تونسدا و لەوانەیە لە پەرەسەندنیدا لەرووی خۆرێکخستنی چەکداری و روووبورووبوونەوەی سوپاوە تەجاوەزیشی بکات . بۆچوونە لینینی و ماوی و نەقابیەکان لە ناو پرۆلیتاریا لەو دوو وولآتەدا زیاتر کاریگەری هەیە تاکو دین و رێکخراوە دینیەکان . قسەکردن لەسەر بابەتەکانی وەك سۆشیالیزم و پرۆلیتاریا و دەولەت و خۆرێکخستنی چینایەتی قول تر رۆشتووە لەو دوو وولآتەدا بە بەراوورد کردن بە میسر و مەغریب وئۆردن . لە لیبیادا ، کە زۆر لەوەی 1991ی عێراق ئەچێت ، راپەرین بنکەسەربازیەکانیشی گرتەوەو پرۆلیتاریا بە خێرایی خۆی چەکدار کردووە و تە بە کارهێنانی چەکەکان . بەلآم هەوالنامەکانی بۆرجوازی ئەوە نیشان ئەدەن کە سەربەخۆی بزووتنەوەکە لە بەرچەقۆی جەنرال و بزنز مان و خاوەندارەکان و دامەزگا ئاسایشیەکانی ناوچەکەو دەرەوەدایە . ئەوان باتق و بازارەکانیان خستۆتەوە ئیش و کرێکاران ناونووس و راهێنان پێ ئەکەن بۆ شەری دژی قەزافی . هێزە نێودەولەتیەکانیش لە رێی پاپۆرەکان و نێردراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندیانەوە بە گەرمی پشتیوانی لەم شەرەی دژی قەزافی ئەکەن و یارمەتی رێکخستنی ئەدەن . ئەگەر پرۆلیتاریا سەربەخۆیی خۆی نەباتە پێشەوە لە رێکخراوە چینایەتیەکانیدا دژی ئەم شالآوەو پرۆلیتاریا لە ناوچەکەو دەرەوەی ناوچەکەدا بەرەنگاری دەولەتەکانیان نەبنەوەو یەك بزووتنەوە پێك نەهێنن ، ئەوا ئەوەی بەسەر پرۆلیتاریا لە عێراقدا هات لەماوەی بیست سالی رابردوودا بەسەر لیبیاو ناوچەکەدا دێت . بۆ نەگبەتی ئەو نەوەیەی پرۆلیتاریا لە لیبیادا کە ئەمرۆ سەرکردایەتی راپەرین ئەکات لەچاو پرۆلیتاریا لە تونس و جەزائیر و میسردا کەمتر تامی سەربەخۆیی و رێکخراوبوونی نێونەتەوایەتی کردووە ، وولآتەکە بەرفراوانەو دانیشتوانیشی کەمەو ناوچەکان کەمتر تێکەلی یەکترن و جیاوازی لە نێوان ناوچەکاندا هەیەو بەشی زۆری کرێکارانی پیشەسازی لە لیبیادا لەو وولآتانی ترەوە هاتوون و پشتیان لە پرۆلیتاریا لە لیبیادا کردووەو هەلدێن بەرەو سنوورەکان و وولآتەکانیان . لەبەرئەوانە توانای پێکهاتنی رێکخراوێکی پرۆلیتاری لە سەرانسەری ئەو وولآتەدا نی یە . لە رووی ئابووریشەوە بنکەی سەرمایەداری جیهانیەو دەیەها کۆمپانیای جیهانی بنکەی نەوت و دامەزراوەکانی تری هەیە لە وولآتەدا و هێزەکانی دەولەتی لیبی توانای پاراستنی ئەو بنکانەیان نیە و ئاشتی کۆمەلآیەتیان بۆ دابین ناکرێت و جوگرافی ئەو وولآتەیان بۆ ناخریتەوە ژێر یەك ئیدارە . بە بێ هاوکاری پرۆلیتاری ئینتەرناسیونالیستی و شکاندی ئەو تەلەیەی کە پرۆلتاریا لە لیبیادا کلکی پێوەی بووە تەسلیم بوونی بزووتنەوەکە بە هێزەنێودەولەتی و رێکخراوە دیمۆکراسیەکان لە جەنگی دژی قەزافی دا ( هەروەکو جەنگی دژی سەدام ) ئەبێتە هێزی زال ( هەروەکو شەری دژە بەعس لە 1991ی کوردستاندا ) . . ئەگەر

پرۆلیتاریای راپەریو لە لیبیادا خۆی لە ژێر سەرکردایەتی هێزەنێودەولەتی و پلانە سیاسی و سەربازیەکانیادا وونکات و ببێتە ئالآهەلگری دیکتاتۆریەتی سەرمایە ئەوا ئەبێتە کرێکار و سەربازو پۆلیس وهەوالنیری تازەی لیبیاو لە لایەن ئەوهێزانەوە و سەرەکانیان لە لیبیاو ناوچەکەدا رێکئەخرێن و بەرێوەئەبرێن و کرێیان ئەدرێتێ و بینای باری نوێی ئاشتی کۆمەلآیەتی ئەکەن. ئەگەریش لەم پلانانە یاخی بێت بەلآم بەدابراوی بمێنێتەوە ئەوا ئەوهێزە نێودەولەتیانە یارمەتی دەولەتی لیبیائەدەن ( جا بە سەرکردایەتی قەزافی یان هەریەکێکی تری ناو سوپا بێت ) کە بێن و خوێنی ئەو پرۆلیتاریانە بڕێژن و وولآتەکە بخەنەوە گەر ( هەر وەکو لە 1991 دا لە گەل سەددام و سوپای عراقدا کردیان ) . چارەنووس و پەرەپێدانی ئەم شەپۆلە شۆرشگێریەی ئەمرۆ لەو ناوچەیەدا لە دەست پرۆلیتاری ئینتەرناسیونالیستیدایە لە جیهاندا .

هاتنەناوەوەی پرۆلیتاریا لە جەبەل تاریقدا بۆ ناو شەپۆلەکە بزووتنەوەکەی لە دەریای سپی ناوەراستەوە پەرانەوە بۆ بەردەرگای ئیسپانیا . هاتنەناوەوەی پرۆلیتاریا لە ئیسپانیاو فەرەنساو ئەلەمانیا و ئیتالیدا بازدانێکی گەورەی بزووتنەوەکە ئەبێت لەسەر ئاستی جیهانی و پەلوپۆی پلانە جیهانیەکانی دەولەتی سەرمایە ئەشکێنێت و بە حەتمی بانگەوازی شۆرشی ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریا لە جیهاندا ئەکات .

بیرو بۆچوونەکانی نێونەتەوایەتی دووەم : کاوتیسکی ، برنشتایسن لینین ، رۆزالۆکسمبۆرغ ، هێشتا گەرمن لە ناو چەپی رۆژهەلآتی ناوەراستدا . بۆ نەگبەتی ماوتیس تۆنغ و تروتسکی تیش زیاتر ئەم بازارەیان گەرم کردووە و لە گەل سۆشیالیستە نەتەوەییە عەرەبەکان و ئیسلامیە دژە غەربیەکاندا بە گەرمی دەمەتەقێیانە . بۆنموونە بروانە بلآوکراوەکانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری تونس ، پارتی کۆمۆنیستی میسر ، سۆشیالیستە شۆرشگێریەکانی میسر ، پارتە کۆمۆنیستەکانی عێراق و لوبنان . هەروەها کۆنگرەی چەپی عەرەبی لە 18 – 19ی مانگی دووی سالی 2011دا لە لەلوبنان بە سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی لوبنان . پارتی کۆمۆنیستی لوبنان رۆلی سەرکردایەتی رێکخستن و ئایدیۆلۆجی چەپەکانی رۆژهەلآتی ناوەراست ئەبینێت . بە تایبەتی چەپەکانی میسر و ئۆردن و مەغریب و فەلەستین . لە پشتی ئەویشەوە دەزگاکانی مخابەراتی سوریاو وولآتەکانی تر تەراتێن ئەکەن .



**خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکان لە خۆپیشاندانەکەی 2011ی لەندەندا . پشتیان کردۆتە تێکۆشەرەکان و چاوەرێی دەولەتن دەست باتە بالیان !**

لە بەر ناکۆکی جەوهەری بزووتنەوەی پرۆلیتاریاو پرۆگرامە مێژوویە کۆمۆنیستیە سەرتاپاییەکەی بە کۆمەلی سەرمایەداری و پەیوەندیەکانی و دەولەتەکەی ، لە بەر ئەوەی کە پرۆلیتاریا هێزێکی کاریگەر بەلآم کۆت و بەندکراوو کۆنترۆل کراوی ئەم کۆمەلگایەیە و تەنها لە خۆراپسکاندن و خۆرێکخستن و شکاندنی ئەم کۆمەلگایەدا ، بە کۆت و بەندەکانی خۆشیەوە ، ئەتوانێت هەناسە بۆ خۆی هەلمژێت و گۆرانکاریە کۆمەلآیەتیە بێ چینەکەی (کۆمۆنیزم) بێنێتە ئاراوە ، لە بەر دەولەمەندی مێژووی و قولی کۆمەلآیەتی ئەم پرۆگرامە جیهانیە ، بێ چینە ، کۆمۆنەییەوەیە کە ئەوە بەس نیی ە کە پرۆلیتاریاکانمان

بگرن ، خۆیان چەکدار کەن ، فەرهود بکەن و پەلاماری دام و دەزگا سەرکوتکەریەکانی دەولەت بدەن و بیان سووتێنن . ئەم
کردەوە شۆرشگێریانە سەرەتای هەموو راپەرینێکی پرۆلیتاریایە و شکاندنی ئەو دەرگا و دیوارو تەلبەندو هێزوو
پەیوەندیانەیە کە چەندین سالە دەستی لە بینەقافای پرۆلیتاریا ناوەو بەر بە خۆریکخستنە شۆرشگێرانەکەی ئەگرێت . بەلآم
ئەمە وەکو یاداشت کراوە لە نووسراوەکانی سەر روسیا 1917 و ئەلەمانیا 1918 و لەبیرمانە لە ئێران 1977 و عێراق 1991 و
ئەیبینین لەمرۆی تونس و میسرو لیبیادا تەنها شکاندنی بەشێك لە پەیوەندیەکانی سەرمایەو دەولەتەو تەنیا سەرەتای
خۆریکخستنە کاریگەریەکانی چینی پرۆلیتاریایەو هەرگیز بەس نی یە بۆ رامالینی کۆمەلی سەرمایەو بەدی هێنانی کۆمۆنیزم .
ئەی چار چی یە ؟ وەلآمی ئەم پرسیارە لە بوونی مێژووی پرۆلیتاریا و پرۆگرامە سەرتاپاییە جیهانیەکەی دایە . ئەبێت و پێویستە و
هەر واش ئەبێت کە پرۆلیتاریاکان لەگەل هەلمژینی تیئۆری و پراکتیکی هەوای پاکی سەربەخۆیان ، لەگەل بینینی هێزیان لە مەیدانی
خەباتدا باوەش بەیەکدا بکەن و بەیەك دەم برشێنەوە بەسەر لاوازیەکانی رابردوودا و گەدەی خۆیان لە ئایدیۆلۆجی و پەیوەندیە
دینی و ریفۆرمیستی و نەقابی و دیمۆکراسەکانی تر پاکەنەوە و بواری بوونی هێزەکانی دەرەوەی خۆیان لە هیچ فۆرم و شێوەیەکادا نەدەن
و بوونی تاکە دەسەلآتی خۆیان پەیرەو بکەن . ئەمەش شۆرشی سەرتاپایی و دکتاتۆریەتی بێ گەرانەوەی پرۆلیتاریایە و کۆمەل
تەختکردن ئەبێت بۆ پێکەوە ژیانێکی کۆمۆنەیی . ژیانی کۆمۆنەیی ، بە بەرهەمهێنانی کۆمۆنیەیشەوە ، جیابوونەوەی نی یە لە
شۆرشی جیهانی و دیکتاتۆریەتی جیهانی چینی پرۆلیتاریا . بەلکو ئەم ژیانە لەناو کردەوە دیکتاتۆریستەکانی پرۆلیتاریادا دژی
جیهانی سەرمایە و پەیوەندیەکانی ، بە بەرهەمهێنان و بەهاو بازارەکانیشیەوە ، ئەژی و چەکەرە ئەکاتو بەریش ئەگرێت .
بانگەوازکردنی کۆمۆنەی کرێکاری و کۆمۆنەکانی تر لەدەرەوەی ئەم هێلەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا تەنها بەرگرتنە بە
